گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper20

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 06-06-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 04-07-2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# گێڕانەوەی درامی لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)دا

**نەجم خالد نجم الدين**
najm.alwani7@gmail.com
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق

**پوختە:**

ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە زۆرترین کرانەوەی بەڕوی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکەدا هەیە، لەبەرئەوە دەبینین کارلێکێکی بەهێزی لەگەڵ شانۆدا هەیە، چونکە هەردوکیان دو ژانری ئەدەبی گێڕانەوەن و چەندین توخمی هاوبەش پێکەوەیان کۆدەکاتەوە وەک (دیالۆگ، ڕوداو، جوڵە، و ململانێ). لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان سنوری خۆی پاراستوەو بەتەواوی تایبەتمەندییەکانییەوە نەگۆڕاوە بۆ دەقی شانۆیەک بۆ نواندن ئامادەکرابێت. واتە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی خۆی پاراستوە، کە لەڕێیانەوە گوزارشت لە ناسنامەی خۆی پێدەکات و لە دەقێکی تەواو درامی جیایدەکاتەوە. هێنری جێمس، کەوتوبوە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی شانۆوە، لەبەرئەوە داوای لە ڕۆماننوسان دەکرد دراماکاری لە دەقی ڕۆمانەکانیاندا بکەن، بە ڕزگارکردنیان لە باڵادەستیی بگێڕەوەی هەموشتزان، و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی بگێڕەوەی نادیار، واتا ئەو بگێڕەوەیەی کە خوێنەر هەست بە حزوری ناکاو لەڕێی لێدوان و شیکردنەوەوە دەست ناخاتە نێو دەقەکەوە، هەروەها ئازادی بە کارەکتەرەکان دەدات بۆ ئەوەی دور لە بونی ئەو گوزارشت لە خۆیان بکەن. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە و بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەمان بۆ ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)ی ڕۆماننوسی کورد، فەرهاد پیرباڵ، هەروەها بەگوێرەی تێگەیشتنمان لە میکانیزمەکانی ڕۆمانی درامی، دەبینین ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی درامییە، لە هەمو توخم و بنیاتی گێڕانەوەکەیدا بنەماکانی ئەو جۆرە ڕۆمانەی تێدا پەیڕەوکراوەو نوسەرەکەی بەئاگاییەوە کاری لەسەرکردوە بۆ ئەوەی ببێتە دەقێکی درامی، نەک تەنیا لە توخمە هونەرییەکانیدا (بگێڕەوە، کارەکتەر، ڕوداو)، کە بونەتە بابەتی توێژینەوەکەمان، بەڵکو تەنانەت زەینی هەندێ لە کارەکتەرەکانی، بەتایبەتی کارەکتەری سەنتەری گۆشەنیگای گێڕانەوەکەی کردوەتە شانۆی ڕوداوەکانی ڕابردو، و ئێستای ئەوان لەڕێی هەردو تەکنیکی فلاشباگ و مۆنۆلۆگەوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆمانی درامی، بگێڕەوەی درامی، ململانێ، کارەکتەری درامی، دیالۆگ

## پێشەکی:

ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، لە ڕوی بابەت و ناوەڕۆکەوە، ڕۆمانێکی سادەیە. باسی چەند کارەکتەرێکی پەناهەندە و ئاوارەی فەرەنسا دەکات. گرنگترین کارەکتەرەکانی ئەم دەقە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات. ئەوانیش بریتین لە: (فەرهاد، محەمەدی حاجی زادە، مسۆلوسیانا)، لە پاڵ ئەوانیشدا چەندین کارەکتەری دیکە ڕۆڵی لاوەکی لەم دەقەدا دەگێڕن و

جارناجارێک بە دیالۆگ دێنە ناو باسەکەوە وەک: (مورتەزا، فەرحناز، ساق گوڵچین، پشتیوان، هەژار، ئەرشەدی قازی، کامیل، عەلی هادی، مەدام گالاتی..و هتد).

هوتێل ئەوروپا کە ناونیشانی ڕۆمانەکەیە، دەکەوێتە پاریسەوەو موڵکی ماڵی مسیۆلوسیانایە و فەرهاد ماوەی چەند ساڵێک لەوێ کاردەکات و پەیوەندییەکی هاوڕێیانەو دۆستانەی لەگەڵ مسیۆلوسیاندا هەیە.

لەم ڕۆمانەدا، نوسەر بە ئەنقەست ناوی فەرهادی بۆ کارەکتەری سەنتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە، یان تیشکۆی ڕوانین بەکارهێناوە بۆ ئەوەی خوێنەری سادە فریوبدات و وابزانێت ئەوە خودی نوسەرە، کە لەم ڕۆمانەدا بەشێک لە ژیانی ئاوارەیی و پەناهەندەیی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام هەندێ لێکچون و هەندێ بۆچونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەریی هاوشێوەی بۆچونە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی ئەم کارەکتەرە لەگەڵ خودی نوسەردا نابنە مایەی ئەوەی بڵێین ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی ژیاننامەی خودییە، و فەرهادی کارەکتەر هەر فەرهادی نوسەرەو دەیەوێ لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە ئەزمونی ژیانی تایبەتیی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

- **ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە** پەیوەندی بە سەرجەم بنیاتی ناوەوەی دەقی ڕۆمانەکەوە هەیە، چونکە بە گوێرەی بنەما هونەرییەکانی دەقەکە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم ڕۆمانە بە شێوازی گێڕانەوەی درامی نوسراوەو نوسەر دەقەکەی لە گێڕانەوەی هەموشتزانی وێنەیی ڕزگارکردوەو ڕەهەندێکی درامی پێداوە بە بەکارهێنانی بگێڕەوەی هەمانشتزان و گێڕانەوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕوداوەکان لەڕێی خودی کارەکتەرەکانەوە، بێ ئەوەی ڕێبدات بگێڕەوە دەنگی زاڵ بێ بەسەر دەنگی ئەواندا.

- **کێشەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: کێ دەگێڕێتەوە؟ چۆن دەیگێڕێتەوە؟ ئایا ئەم دەقە دەچێتە خانەی گێڕانەوەی درامییەوە؟ ئەو تەکنیکانە چین بۆ بەدی هێنانی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بەکارهاتون؟

- **میتۆدی توێژینەوە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە سود لە تیۆری شیعرییەتی دەق و میتۆدی بنیاتگەری وەربگرین و لەناوەوەی دەق کاربکەین بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەقەکە نەچینە دەرەوەو باسی شتانێک بکەین کە خودی دەقەکە باسی نەکردبێ.

- **پلانی توێژینەوەکە:** جگە لە پوختەو پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە دابەشی دو بەشکراوە. لە یەکەمیاندا بەسێ تەوەر باسی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چەمک و زاراوەو بنەماکانی گێڕانەوەی درامی کراوە، هەروەها باسی پەرەسەندنی شێوازی گێڕانەوەی درامی لە ڕۆماندا بوە بە بەشێکی ئەم تەوەرە. لە بەشی دوەمدا بە سێ تەوەر باسی بنیاتی گێڕانەوەی درامی لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا کراوەو لەو تەوەرانەدا باسی بنیاتی بگێڕەوەو بنیاتی کارەکتەرو بنیاتی ڕوداو بوەتە بناغەی شیکردنەوەکانمان.

## بەشی یەکەم: مێژوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چەمکی گێڕانەوەی درامی:

ژیان شانۆیەکی گەورەیەو هەریەک لە ئێمە ڕۆڵی ئەکتەری تێدا دەگێڕین. ئەم ڕۆڵەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بەگوێرەی پێگەو سەردەم دەگۆڕێ و تایبەتمەندیی خۆی وەردەگرێت.

لەوەتی مرۆڤ لەسەر زەوی دەژی و زمان بۆگێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بەکاردەهێنێ، گێڕانەوە وەک کردارێکی بەردەوام درێژەی پێدراوە. گێڕانەوەش لەپاڵ ئەوەی چێژبەخشە لە هەمان کاتدا سودی هەبوە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لە نێو مرۆڤەکاندا. زمانیش ڕۆڵێکی باڵاو سەرەکی لە دامەزراندنی گێڕانەوەدا گێڕاوە، چونکە بەبێ زمان، تەنانەت زمانی جەستەش ناتوانێ بەشێوەیەکی کارا ئەم پرۆسەیە بەڕێوەببات.

بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم بابەتە بەکورتی دەچینەوە سەرئەو بۆچونانەی ئەفلاتون و ئەرستۆ وەک دو فەیلەسوف و بیرمەندی سەردەمی خۆیان لەم بارەیەوە خستویانەتە بەرچاو تائێستا زۆر لە توێژەرانی بواری گێڕانەوە، بەتایبەتی بواری گێڕانەوەی درامی پەنا بۆ بۆچون و پۆلێنەکانی گێڕانەوە لای ئەمان دەبەن لەگەڵ هەندێ دەستکاریی ڕوکەشدا.

**تەوەری یەکەم: سەرەتاکانی سەرهەڵدانی چەمک و زاراوەی گێڕانەوەی درامی:**

لەبەر ئەوەی دراما پشت بەکردار دەبەستێ، زیاتر لەوەی پشت بەگێڕانەوە ببەستێت، دەبینین کردار بوەتە بناغەی دەقە درامییەکان. ئەمەش لە مانای سەرەکی وشەو زاراوەی خودی دراماوە سەرچاوەی گرتوە. لەبارەی ئەسڵ و مانای ئەم زاراوەیەوە (مارتن ئەسلن) لە پەرتوکی (تونیکاریی دراما)دا دەڵێت: ((دراما، زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە، لە زمانی یۆنانیدا بەمانای (کردار) بەکارهاتوە، چونکە دراما بریتییە لە کرداری لاساییکردنەوەی ڕەفتاری مرۆیی و پیشاندانی))(جراد،٢٠١٣: ٥). کەواتە پیشاندان یان نواندنی کردار بناغەی درامایەو پاشان ئەمە پەڕیوەتەوە بۆ بازنەی ڕۆمان و ڕەخنەی ڕۆمان وەک دواتر باسی دەکەین.

گرنگیی گێڕانەوە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، ڕۆڵی هەبوە بۆ ئەوەی بیرمەندو فەیلەسوف و شاعیران لە کۆنەوە بایەخی پێبدەن و هەریەک لە ڕوانگەی خۆیەوە هەوڵیداوە لێکدانەوەی بۆ بکات یان لەڕێی گوتن و نوسینەوە سودی لێ وەربگرێ بۆ ئەوەی باسی ڕوداوێک، یان بەسەرهاتێک بۆ ئەوانی دی بگێڕێتەوە. ئەفسانەو خورافە دو جۆری بەراییین لە جۆرەکانی گێڕانەوە کە مرۆڤی سەرەتایی دایهێنان و لەڕێی ئەوانەوە کۆمەڵێ بۆچون و بیروڕاو هزری مرۆڤی ئەو سەردەمە کۆنانە بە ئێستا گەیشتون.

لە نێو فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆناندا ئەفلاتون یەکێکە لەو کەسە هەستیارو بیرمەندانەی لە پەرتوکی (کۆمار)دا ئاوڕی لە گێڕانەوە داوەتەوەو باسی بنەماکانی کردوەو بە گوێرەی ژانرەکانی سەردەمی خۆی (شیعری لیریکی، شیعری شانۆیی، داستانی شیعری) پۆلێنی بۆ جۆرەکانی کردون. ئەم فەیلەسوفە جۆرەکانی گێڕانەوەی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((جۆرێک لە هۆنراوەو چیرۆک لاساییکردنەوەیە... دەشێت تراجیدی، یان کۆمیدی بێت، جۆرێکی دیکە گێڕانەوەیە لەلایەن شاعیرەکەوە، ئەمەش هەمو جۆرەکانی هۆنراوەی بەسۆز دەگرێتەوە، جۆری سێیەمیش، شێوەی گێڕانەوەی شیعری قارەمانێتییە.)) (ئەفلاتون،٢٠١٥: ١١٣-١١٤). لەم بۆچونەی ئەفلاتوندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا لە شانۆدا بەهەردو جۆرەکەیەوە، ئەکتەر لاسایی دەنگی ئەوی دی دەکاتەوە، کەچی لە شیعری سۆزداریدا، شاعیر تەنیا بەدەنگی خۆی دەدوێ و لە داستانە شیعریشدا، شاعیر جارێ بەدەنگی خۆیی و جارێکیش لاسایی دەنگی ئەوی تر دەکاتەوە. واتە جۆری یەکەم و دوەم، لە جۆری سێیەمدا ئاوێتە دەبن. لە لایەکی دیکەوە، ئەفلاتون، لەڕوی جۆرەوە جیاوازی دەکات لە نێوان شانۆی تراژیدی و شانۆی کۆمیدیدا و بۆ یەکەمین جاریشە ئەوە دەستنیشان دەکات کە جیاوازی ڕۆڵی ئەکتەر لەم دوجورەی شانۆدا بۆ تایبەتمەندیی خودی هەریەک لەو دو جۆرە شانۆیە دەگەڕێتەوە و بەهۆی ئەمەشەوەیە چیرۆکخوان لە ئەکتەر جیایەو کەسیان ناتوانن ڕۆڵی ئەوی دی بگێڕن. ئەم جیاوازییە تا ئەمڕۆش بوەتە هۆی ئەوەی لە نێو ڕەخنەگران و گەورە تیۆرناسەکانی بواری گێڕانەوەدا دو بۆچونی تەواو جیاواز و ناکۆک لە بارەی پەیوەندی نێوان بگێڕەوەو کارەکتەر بێتە ئاراوە کە دواتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین.

ئەفلاتون سەبارەت جیاوازیی بنیات و توخمەکانی گێڕانەوە لە نێوان شانۆی تراژیدی و کۆمیدیدا ئاماژەی بەوە کردوە: ((کەسێک ناتوانێت لە هەردوکیاندا بە سەرکەوتویی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، تەنانەت ناتوانێت لەیەک کاتدا، چیرۆکخوان و ئەکتەریش بێت... بێگومان ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی تراژیدی دەبینن، بۆ کۆمیدی دەستنادەن)) (ئەفلاتون،٢٠١٥: ١١٤.١١٥).

ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسوف بوە کە گێڕانەوەی خودی پێ باشتربوە لە گێڕانەوەی درامی، هەروەها شێوازی داستانی ڕەتنەکردوەتەوە، بەڵام قەناعەتی وابوە شێوازی درامی لەگەڵ ڕەوشتی شاری فازیلەدا ناگونجێت (عبدالرحیم الکردي، ٢٠٠٦: ٢٨)، بەڵام دوایی ئەم بۆچونەی لەلایەن ڕەخنەگرانی بواری گێڕانەوە لە سەدەی بیستەمدا ڕەتکرایەوەو یەکێکی وەک (هێنری جێمس، و پێرسی لەبوک) داوایان لە ڕۆماننوسان دەکرد دراماکاری لە دەقی ڕۆمانانەکانیاندا بکەن. ئەمەش لە تەوەری دوەمی ئەم بەشەدا ڕونکردنەوەی زیاتری لەسەر دەدەین.

ئەرستۆش، وەک ئەفلاتونی مامۆستای هەمان پۆلێنکردنی بۆ جۆرەکانی گێڕانەوە کردوە کە ئەمانەن: (شێوازی گێڕانەوەی سادە بەڕاناوی قسەکەر، شێوازی گێڕانەوەی سادە بەڕاناوی نادیار، شێوازی لاساییکردنەوە). هەروەها شێوازی سادە دەکاتە دو جۆرەوە: لە یەکەمیاندا شاعیر بەڕاناوی قسەکەر باسی خۆی دەکات. کەچی لە دوەمدا دو ڕاناو بەکار دەهێنێ، ڕاناوی قسەکەر و ڕاناوی نادیار. لە ڕێی ڕاناوی دومەوە باسی کەسێکی دی دەکات (بڕوانە: الکردي، ٢٠٠٦: ٢٩).

یەکێک لە جۆرەکانی گێڕانەوە لای ئەرستۆ، شێوازی درامییە کە پشت بە پیشاندانی ڕاستەوخۆ دەبەستیت، و هەر ئەمەش لەگەڵ هەندێ جیاکاری لەڕۆمانی درامیدا پەیڕەو دەکرێت. ئەوەی ئەرستۆ لێرەدا باسی کردوە، بریتییە لە نواندنی ڕوداوەکان لەڕێی چەند ئەکتەرێکەوە کە ڕاستەوخۆ لە پێش بینەراندا قسەدەکەن و ڕەفتار دەنوێنن(جنیت، ١٩٩٢: ٧٢).

لە باسی داستانەکانی هۆمیرۆسدا، ئەرستۆ سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ دیاردەیەکی زۆر گرنگ کەویش دەرنەکەوتنی نوسەرە لە زۆربەی بڕگەکانی ئەو داستانانەدا. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ((ئێمە لە کۆنەوە خۆمان لە بەردەم دو بۆچوندا سەبارەت بە گێڕانەوە دەبینینەوە کە دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەریەککەوتن لە نێوانیاندا ڕودەدا. لە دۆخی یەکەمدا بگێڕەوە هەموشتزانە، ناوەوە، و دەرەوە، دیارو نادیار دەبینێ، لەبەرئەوە دو دڵ نییە لە دەستێوەردان لەڕێی وەعزو دەرکردنی بڕیار یاخود کورتکردنەوەی بەشێک لە چیرۆکەکە... لە دۆخی دوەمدا هەوڵدەدات خۆی دەرنەخات بۆ ئەوەی خوێنەر ئەوە لەبیر بکات چیرۆکی ـ ژیانی ـ ئەو دەخوێنێتەوە. لە دۆخی یەکەمدا ئەو دەبینێت، و لە دوەمدا شتەکان پیشان ـ دەدرێن)) (بورنوف&اوئيلية،١٩٩: ٧٦ـ ٧٧).

**تەوەری دوەم: پەرەسەندنی چەمکی گێڕانەوەی درامی**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانی گەورە بەسەر چەمکی گێڕانەوەدا هات و چەمکی بەدرامی کردنی گێڕانەوەی ڕۆمان لەو بۆچونەی فلۆبێرەوە دەستپێکرد کە لە نامەکانیدا باسیکردوە، بە تایبەتی لەو نامەیەدا کە لە ڕێکەوتی (١٨)ی مارت (١٨٥٦ز) نوسیویەتی و ئاراستەی (لۆروابییە شانتبی) خانم کراوەو لەوێدا دەڵێت: ((یەکێک لەو بنەمایانەی بڕوام پێییەتی ئەوەیە پێویستە نوسەر بۆخۆی نەنوسێت. دەبێت هونەرمەند لە بەرهەمەکەیدا وەک خودا بێت لە گەردوندا، نەبینراو بێ و توانای هەمو شتێکی هەبێ، بەجۆرێک ئێمە لە هەمو شوێنێکدا هەست بە بونی بکەین، بەڵام نەتوانین ببینین)) (بورنوف&اوئيلية،١٩٩١: ٧٧). بەم بۆچونە سەرەتایەک هاتە ئاراوە بۆ دامەزراندنی جۆرە دەقێکی ڕۆمان کە دواتر بە ڕۆمانی درامی ناسرا. لەم بۆچونەدا ئەوە دەردەکەوێ فلۆبێر خواستویەتی چی دی ڕۆماننوس ئەوەندە دەست نەخاتە ناو ڕۆمانەکانییەوە و ڕێ بدات کارەکتەرەکان ئازادانە ڕەفتاربکەن و ئازادانە بیر بکەنەوە دور لە سایەی دەسەڵاتی ڕەهای نوسەر کە لەڕۆمانی کلاسیکیدا باوبوە .ئەم بۆچونە کاریگەریی خۆی هەبوەو بوەتە هۆی ((داهێنانی شێوازێکی نوێ کە دواتر ناسراوە بە شێوازی ناڕاستەوخۆی ئازادو دیارە هێنری جێمس ئەم داوەی لە فلۆبێرەوە وەرگرتوەو ئەم شێوازەی پەرەپێداوە))(قاسم، ١٩٨٤: ١٣١ـ ١٣٢). دەستکێشانەوەی نوسەر وادەکات کارەکتەرەکان بە خۆیان بدوێن وەک ئەوەی کۆمەڵێ ئەکتەرین و لەسەر تەختەی شانۆ ڕاستەوخۆ کاری نواندن بکەن. ئەمەش پێویستی بەگۆڕینی جۆری

بگێڕەوە هەیەو ئەم بگێڕەوەیەش ئەوەندە خۆی دەرنەخات، بەڵکو لە پشتی کارەکتەرەکان خۆی بشارێتەوە، یان وەک دەرهێنەری شانۆ بچێتە پشتی پەردەوەو لەوێوە چاودێری کارەکتەرەکان بکات.

هێنری جێمس هەوڵیداوە سود لە بنەماکانی دراما وەربگرێ و لە ڕۆماندا بەکاریانبهێنێ. بۆ ئەمەش ((سودی لە ئەرستۆ وەرگرتوە کە تراژیدیای لە داستان بە پەسندتر زانیوە، چونکە یەکەمیان لەسەر بنەمای نواندن و چڕکردنەوەو یەکێتییەکی بەهێزو دەوڵەمەندی ئەو توخمانە دادەمەزرێ کە لێیان پێکهاتوە. لە تراژیدیادا پرنسیپی لاساییکردنەوەیەکی تەواو بەدی دێ بەکەمترین ماوەو کەمترین ژمارەی ڕێپێدراوی ڕوداو)) (حمید،٢٠١٢: ٥).

پاش هێنری جێمس، پێرسی لەبوک بە پەرتوکی (پیشەی ڕۆمان) بناغەی دانا بۆ نوسینی ڕۆمانی درامی. لەم پەرتوکەدا بە تایبەتی لە باسی ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)ی فلۆبێردا، نەک هەرباسی بنەماو خاسیەتەکانی گێڕانەوەی درامی لەو ڕۆمانەدا کردوە، بەڵکو بۆ یەکەمین جاریشە کە زاراوەی (ڕۆمانی درامی) بەکارهێناوە. لەو وتارەدا باسی هونەری ڕۆمان دەکات و دەڵێ: ((هونەری ڕۆمان دەست پێ ناکات تەنیا ئەوکاتە نەبێ ڕۆماننوس بیر لە ڕۆمانەکەی دەکاتەوە وەک کەرەستەیەک دەبێ پیشانی بدات یان دەری بخات بەشێوازێک وای لێ بکات خۆی خۆی بگێڕێتەوە))(بورنوف&اوئيلية، ١٩٩١: ٧٧).

پێرسی لەبوک جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان شێوازەکانی گێڕانەوەدا کردوەو دو زاراوەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە کە ئەوانیش زاراوەی درامی و زراوەی پانۆرامییە. هەرخۆی لەبارەی ئەو دو شێوازەوە دەڵێت: ئەو دو شێوازە لە چیرۆکدا گوزارشت لە جیاوازییەکی ڕون لە ڕوی وردەکاری هونەرییەوە دەکەن (لوبوك،١٩٨١: ٦٩) .

مەبەست لە شێوازی گێڕانەوەی درامی لای ئەم نوسەرە نەهێشتن یان کەم کردنەوەی دەستێوەردانی نوسەرە لە ڕێی بگێڕەوەیەکی هەموشتزانەوە کە لە شێوازی گێڕانەوەی پانۆرامیدا بەکاردەهێنرێ. لەم بارەیەوە دەڵێ: ((کەواتە چیرۆک، گێڕانەوەی ڕوداوە... لەسروشتدا وەک وێنە بێت. ئەم چیرۆکە دەبێت بەهێز بکرێت و هێزێکی پێ بدرێت لە هێزی درامای نزیک بخاتەوە کە لەوێدا ئیتر هەست بە دەستێوەردانی چیرۆکنوس ناکرێ))(لوبوك،١٩٨١: ١١٧). یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی پێشنیازی زاراوەی (ڕۆمانی درامی)کردوە، و کۆمەڵێ بنەماو خاسیەتی بۆ دیاریکردوە، (ئێدوین مۆیەر)ی خاوەنی پەرتوکی (بنیاتی ڕۆمان)ە. ئەم ڕەخنەگرە، خۆڕسکێتیی ڕێڕەوی گێڕانەوەو لۆجیکیەتی گێڕانەوەو ئەنجامە چاوەڕێ نەکراوەکانی، لەپاڵ بچوکێتی و تەسکیی ڕوبەری شوێن کە بەبۆچونی ئەو هۆکارە بۆ دروست بونی ململانێ، ئەمانە کۆمەڵێ خەسڵەتی دیاری ڕۆمانی درامین. لەبارەی کاریگەریی ڕوبەری شوێن لەسەر سەرهەڵدانی ململانێ دەڵێ: ((ڕۆمانی درامی تەنیا دیمەنێکی تەسک و یەک کەرتی ژیان لە خۆی دەگرێ، ئەمەش لە زۆربەی ڕۆمانی درامیدا بەرچاو دەکەوێ. هۆکاری دابڕانی دیمەن لە ڕۆمانی درامیدا زۆر ڕونە، چونکە تەنیا لە ڕوبەرێکی داخراودا ململانێ سەرهەڵدەدات وگەشەدەکات و لە حەتمییەتێکدا کۆتایی پێ دێت))(موير، ١٩٦٥: ٥٦).

لە دوای نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی لە کۆتاییەکانی گرێی شەشەمی ئەو سەدەیە، نوسەرو ڕەخنەگری بەناوبانگ (واین بۆت) بە پەرتوکی (ڕەوانبێژیی هونەری گێڕانەوە) کۆمەڵێك لایەنی گرنگی هونەری گێڕانەوەی ڕونکردەوەو لەوانەش بەتێری باسی بنیاتی هونەریی ڕۆمانی درامی کردوە. لە باسی بگێڕەوەو جیاوازی لەگەڵ نوسەری ناوەکیدا دەڵێ: ((لە ڕاستیدا دابڕاوترین بگێڕەوە بەدرامی کراوە کاتێ بە (من)ئاماژە بەخۆی دەکات یان وەک فلۆبێر کاتێ بە (ئێمە) پێمان دەڵێت ئێمە لە پۆلدا بوین کە چارلس بۆڤاری هاتە ژورەوە، کەچی گەلێ ڕۆمان بەتەواوەتی بگێڕەوەکانیان بەدرامی دەکەن، دەیانکەنە کەسانێکی زیندو وەک ئەوانەی (تریسترام شاندی)...(جەرگەی تاریکی)و (دکتۆر فاوستس)بۆمانی باس دەکەن. بگێڕەوە لەم ڕۆمانانەدا بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازن لەو نوسەرە ناوەکییەی دەیانئافرێنێ. مەودای ئەو نمونە مرۆییانەی لە شێوەی بگێڕەوە بەدرامی کراوان بەشێوەیەکی ڕێژەیی هاوتای مەودای

کارەکتەرە خەیاڵییەکانن...))(بوث، ١٩٩٤: ١٧٦-١٧٧). لەبارەی بە درامی کردنی گێڕانەوەو بەلاوەنانی بگێڕەوەو دورکەوتنەوەی نوسەر لە دەستێوەردان و حزوری ئاشکرای بگێڕەوە، واین بۆت دەڵێت: ((زۆر لە نوسەران و ڕەخنەگران لە سەردەمی فلۆبێرەوە قەناعەتیان بەوە هێناوە کە شێوازی (بابەتی) یان (ناخودی) یاخو(شانۆیی) زۆر پێشکەوتوترە لە هەرشێوازێک کە ڕێ دەدات ڕاستەوخۆ نوسەر یان هەندێ جار یەکێک لە باتی ئەو لەسەر شانۆی ڕوداوەکان دەربکەوێ)) (بوث، ١٩٩٤: ٨). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ڕەخنەگرە شێوازی بەدراماکردنی گێڕانەوەی پێ باشتر بوە لە هەر شێوازێکی دیکەی گێڕانەوە، بەتایبەتی شێوازی وێنەیی یان شێوازی پانۆرامی کە لەڕێی بگێڕەوەیەکی هەموشتزانەوە پێشکەش دەکرێ و پانتایی نێوان بگێڕەوەو نوسەر هێندە کەم دەبێتەوە وەک ژێرار ژنێت دەڵێ: تیشکۆیەکە دەچێتە پلەی سیفرەوە. بەبڕوای ئێمە وادەکات دەنگی نوسەر زاڵ بێت بەسەر دەنگی کارەکتەرەکاندا .

**تەوەری سێیەم: بنەماکانی گێڕانەوەی درامی لە ڕۆماندا**

ڕۆمانی درامی کۆمەڵێ بنەماو خاسیەتی هەیە کە لە جۆرەکانی دیکەی ڕۆمان جیادەکاتەوە. گرنگترین ئەولایەنە هونەرییانەی لەم بارەوە خراوەتە ڕو، وازهێنانە لە گێڕانەوەی پانۆرامی و بگێڕەوەی هەموشتزان، سەرجەم کارەکتەرو ڕوداوەکان پێشکەش دەکات و توانای هەیە وەسفی ڕواڵەت و ناخی کارەکتەر بکات و پەی بە هەمو نهێنییەکانی ببات.

لەڕۆمانی درامیدا، کە پشت بە پیشاندان دەبەستێ، ئەوە دەخوازێ، بگێڕەوە بکشێتە دواوە و لە پشتی پەردەوە چاودێری کرداری کارەکتەرەکان بکات، بێ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی دەست بخاتە نێو ژیانی ئەوانەوەو وێنەی جوڵەو هەستی ناوەوەی ئەوان بکێشێت. لەدەرەوە دەمێنێ و ڕێدەدات ئەوان بە خۆیان بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن و پێکەوە گەنگەشە لەسەر ئەو بابەتانە بکەن کە پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە هەیە. هێنری وێبرلین و هیۆتۆن وێلز تایلۆر لە پەرتوکی (دەروازەیەک بۆ هونەری گێڕانەوە) لەم بارەیەوە گوتویانەوە: ((ئەگەر مەبەستی ڕۆماننوس گێڕانەوەیەکی درامی بێگەردبێ، پێویستە خۆی لە بگێڕەوە ڕزگار بکات و ڕاستەوخۆ دیمەنەکان پیشانی خوێنەر بدات... بگێڕەوەی هەموشتزانی ڕاشکاو لە چیرۆکی نوێدا کۆتایی پێ هاتوە...))(بوث،١٩٩٤: ٤٧). ڕۆمان سروشتی وایە دەتوانێ کارلێک لەگەڵ ژانرەکانی تردا بکات. یەکێک لەو ژانرانەش کە زۆر لە ڕۆمانەوە نزیکە، شانۆیە. ڕۆمان ((توانی کۆمەڵێ توخمی بنیاتی درامی لە خۆی بگرێ و ئەو توخمانە لەگەڵ توخمەکانی بنیاتی خۆیدا ئاوێتەبکات وەک ئاخاوتنی کارەکتەرەکان، واتە دیالۆگ و ململانێی کارەکتەرە جیاوازەکان، ئەمەش وایکردوە ڕۆمان ببێتە مایەی ڕاکێشانی خوێنەرو وەرگر بورژێنێ و هەروەها کەشێکی جێنەگیر لەناو ڕۆماندا دروست بکات وشێوەیەکی درامی پێ ببەخشێ)) (طریق&بوصبیع،٢٠٢٠-٢٠٢١: ١٨). کارلێکی نێوان ڕۆمان و دراما بوە هۆی ئەوەی جۆرێکی نوێی ڕۆمان سەرهەڵبدات، ((دەتوانین ناوی لێبنێین ڕۆمانی درامی. کۆمەڵێ فاکتەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان هەبوە کە لە ئەوروپا-ئینگلتەرا بە شێوەیەکی دیارکراو، گەشەبکات و باوبێ)) (حمید،٢٠١٢: ٦).

سەرەڕای پەیوەندی نێوان شانۆو ڕۆمان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کە ئەو دو ژانرە لە ڕوی کرداری درامییەوە لەیەک جیاوازن و ئەمەش خاڵێکە لەو خاڵانەی تایبەتمەندیی ڕۆمان ڕون دەکاتەوە، ئەم بابەتەش ((پەیوەندی بە خوێنەرو نوسەرەوە هەیە. جارێکیان خوێنەر ڕو لە چیرۆکنوس دەکات و جارێکیش ڕو لە خودی چیرۆکەکە دەکات، کەچی بە نیسبەت شانۆیەوە، یان شانۆی نوێنراوەوە ئەوا هەرگیز خوێنەر بایەخێکی ڕاستەوخۆ و ڕون بە نوسەر نادات لە کاتێکدا کە ڕوداوەکان تێیدا بەرەو پێش دەچن. نوسەر ڕۆڵەکانی لەڕێی قسەی ئەکتەرەکانەوە دیاری دەکات کە ڕێ دەدات خۆیان هەستی تایبەتییان پێکبهێنن... ئائەمەیە جوڵەی ژیان لە پێشمان، دور لە زەینی ئەو نوسەرەی شتەکان تۆمار دەکات و دەینوسێ))(لوبوك،١٩٨١: ١٠٨).

بنەماو تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕۆمان، جیاوازیی مەودای ئازادیی نوسەرە لە ڕۆماندا. شانۆکار ناچارە تەواوی دیمەنەکان لە ڕێی دیالۆگەوە پێشکەشی بینەران بکات، لە کاتێکدا ڕۆماننوسی دراماکار، دەتوانێت لەپاڵ دیالۆگی کارەکتەرەکاندا، پەنا بۆ گێڕانەوەش بەرێ و ئەمەش لەڕێی بگێڕەوەکەیەوە ئەنجام دەدات بێ ئەوەی خوێنەر هەست بە ئامادەبونی ئەو بگێڕەوەیە بکات. لەبارەی ئازادیی شانۆکارو ڕۆماننوسی دراماکارەوە، پێرسی لەبوک دەڵێت:((نوسەری ڕۆمان وەک نوسەری شانۆ دەستی نەبەستراوە بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی تەنیا بگۆڕێ بۆ کردارێکی درامی، چونکە ئەو هەنگاو هەنگاو ڕۆمانەکەی بەدرامی دەکات تا ئەو کاتەی زەینی داهێنەری وێنەکە جا(سترێزەر) یان(ڕاسکۆلینکۆڤ)بێ، لە لاپەڕەکەدا حازر دەبێ، بەڵام سترێزەر و ڕاسکۆلینکۆڤ تەواو ئازادن لە تێڕوانین بۆ جیهان و وێنەکێشانی ئەو جیهانە بۆ خوێنەر. هەروەها بەوجۆرە دەبێ وەک ئەوەی ئەوان بە خۆیان قسەکەیان کردبێ))(لوبوك، ١٩٨١: ١٣٨). لەبەر ئەوەی ڕۆمانی درامی پشت بە پیشاندان دەبەستێت، بۆیە ڕۆماننوس پەنا دەبات بۆ زەمەنی ئێستا بۆ ئەوەی ڕوداو، و گێڕانەوەی ڕوداو هاوکات بکات و دور بکەوێتەوە لەزەمەنی ڕابردو کە زیاتر لە شێوازی گێڕانەوەی پانۆرامیدا پشتی پێ دەبەسترێ. لەبەر ئەوە وەک دکتۆر (باسم صالح) دەڵێ: ((بەخواستنی زەمەنی ئێستای گوتار لە جیاتی زەمەنی ڕابردوی گێڕانەوە بۆ ڕۆمان، خۆمان لە بەردەم شێوەیەکی نوێی ڕۆماندا دەبینینەوە کە ئەویش شێوەی ڕۆمانی درامییە))(حمید، ٢٠١٢: ٢٨). لە ڕۆمانی درامیدا، ڕۆماننوس گۆشەنیگای بگێڕەوەی یەکسان بەکارەکتەر بەکاردەهێنێ، چونکە باشتر دەرفەت بە کارەکتەر دەدات بۆ ئەوەی بە خۆی بگێڕێتەوەو هەروەها ببێتە سەرچاوەی زانیارییەکانی بگێڕەوە. بە گوێرەی ئەم گۆشەنیگایە ئەوەی کارەکتەر دەیزانێ، بگێڕەوە دەتوانێ پەی پێ ببات، بەبێ ئەمەش بگێڕەوە ناتوانێ هیچ زانیارییەکی دەربارەی کارەکتەرو ڕوداوەکان دەست بکەوێ. ئەم بگێڕەوەیە ڕاناوی من لە گێڕانەوەدا بەکاردەهێنێ و لە ڕوانگەی کارەکتەری بە تیشکۆ کراوەوە جیهانی ڕۆمانەکە و ڕەفتارو کرداری کارەکتەرەکان بێ دەستکاری دەخاتە تەونی گێڕانەوەکەیەوە. لەبارەی ئەمەوە (د. سیزا قاسم) دەڵێ: ((بۆ ڕەتکردنەوەی بگێڕەوەی هەموشتزان، هێنری جێمس، داوای کرد لە گێڕانەوەدا تیشکۆی سەنتراڵی بەکاربهێنرێ کە تەواوی بابەتی چیرۆکەکە لەوەوە دەربکەوێ. ڕۆمانی (باڵوێزەکان)ی هێنری جێمس بە نمونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە دادەنرێ. تەواوی ڕوداوەکان، و کارەکتەر، و شوێن، و کاتەکان لەڕێی ڕوانگەی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە پێشکەش کراوە. ئەمەش ئەو تەکنیکەیە (ژان پۆیان) ناوی لێناوە(دیتن لەگەڵ)..))(قاسم، ١٩٨٤: ١٣٣). هەرچەندە لە ڕۆمانی درامیدا، هەوڵ دەدرێت، بگێڕەوە تا بکرێت دەرنەکەوێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە ئیتر بگێڕەوە لەم جۆرە ڕۆمانەدا دەستی لەکارکێشاوەتەوەوەو تەنیا کارەکتەرەکان دەدوێن. ئەم جۆرە بۆچونە تەنیا دەکرێت بۆ ئەکتەری سەرتەختەی شانۆ، لەکاتی نواندندا دەست بدات. هونەری گێڕانەوە لە ڕۆماندا، هەروەها لە چیرۆکیشدا وەک (د. رحيم الكردي) دەڵێ: ((ناتوانێت وەک شانۆ ڕوداوەکان پیشان بدات، بۆیە ناشتوانێ بە تەواوەتی دەست لە بگێڕەوە هەڵبگرێ، بەڵکو هەندێ جار بگێڕەوە شاراوە دەبێ و هەندێ جاریش دەردەکەوێ، بەڵام شاردنەوەی وادەکات لە زۆر شوێندا چیرۆکەکە ڕواڵەتی شانۆیەکی درامی بەدەست بهێنێ)) (الكردي، ٢٠٠٦: ١٥٥) .ئەرکی بگێڕەوە لە ڕۆمانی درامیدا، ڕێکخستنی ناوەوەی دەقەکەیە .هەندێ ڕوداو ڕادەگرێ و هەندێکیان دوا دەخاو هەندێکیشیان ناگێڕێتەوەو هەروەها هەندێك ڕوداویش پێش دەخات. هەمو ئەمانە لە جیاتی نوسەری ڕۆمان جێبەجێ دەکات، بەڵام ناتوانێ وەک بگێڕەوەی هەموشتزان بچێتە نێو ناخی کارەکتەرەکانەوەو پەی بە نهێنییە شاراوەکانیان ببات. هەمو ئەمانەش وەک گوتمان بەشێک لە تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی نێوان ڕۆمان و شانۆ پێکدەهێن. بەم پێیە دەتوانین جەخت لەسەر ئەو بۆچونەی پێرسی لەبوک بکەینەوە کە بۆ جیاوازیی ڕۆمان و شانۆ باسیکردوەو ئەو لەباتی بگێڕەوە وشەی نوسەری بەکارهێناوەو دەڵێ:((ئەوە ڕونە کە لە ڕۆماندا شتێک نییە بەناوی دراما بەهەمو ماناکانی ئەم وشەیە. ڕۆماننوس ڕەنگی

دیالۆگی درامی بە هەمان ئەو وشانە دەدات کە کارەکتەرەکانی قسەی پێ دەکەن، بەڵام دەبێ دەستێوەردان بکات و ئەو دیالۆگە ڕاگرێ، چونکە هەرخۆی ئەو کەسەیە دەتوانێت وامان لێ بکات پەی بەوەبەرین چۆن ئەم کارەکتەرانە دەردەکەون و لە کوێ دەوەستن. ئەگینا چی دەکرد ئەگەر تەنیا دیالۆگی پێشکەش بکردایە نەک شتێکی تر. ئەو کاتە جۆرێک لە جۆرەکانی شانۆی دەنوسی...))(لوبوك، ١٩٨١: ١٠٨).

**بەشی دووەم: بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوەی درامی لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا**

گێڕانەوەی هەر ڕۆمانێک پێویستی بەوەیە لەسەر بناغەی بنیاتێکی هونەری دابمەزرێ، پێکهاتەی ئەو بنیاتەش بریتییە لە کۆمەڵێ توخمی گێڕانەوە، لەوانە(بگێڕەوە، کارەکتەر، ڕوداو، شوێن، و کات). بەگوێرەی ئەو پلانەی بۆ ئەم توێژینەوە دامانناوە، لەم بەشەدا تەنیا باسی سێ لەو توخمانە دەکەین، و بە بگێڕەوە دەستی پێدەکەین، چونکە ئەم توخمە ئەرکی گێڕانەوە دەبات بەڕێوەو ڕێکی دەخات و هەر ئەم توخمەشە ڕێ بەدەرکەوتنی کارەکتەرەکان دەدات، و پێشکەشیان دەکات و سستمی پاش و پێشخستنی ڕوداوەکان دادەمەزرێنێ و ڕێ خۆش دەکات بۆ دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان و کۆمەڵێ ئەرکی دیکەش بەڕێوە دەبات. هەروەها ئەم توخمە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دامەزراندنی شێوازی گێڕانەوەدا کە ئێمە ئەو ڕۆڵەی لێرەدا تایبەت دەکەین بە شێوازی گێڕانەوەی درامی لە ڕۆمانی(هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پێرباڵدا.

**تەوەری یەکەم: بنیاتی بگێڕەوە**

پێش ئەوەی دەست بەناساندنی بگێڕەوە لە ڕۆمانی سنوری باسەکەمان بکەین، پێویستە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەست پێ بکەین : کێ دەگێڕێتەوە؟ چون دەگێڕێتەوە؟ پەیوەندی نێوان بگێڕەوەو نوسەر و بگێڕەوەو کارەکتەر چونە؟ هەمو چیرۆکێکی هونەری بگێڕەوەیەکی تێدا هەیە وەک وەڵف گانگ ئایزەر دەڵێ و هەرگیز بگێڕەوە نوسەر نییە، بەڵکو ڕۆڵێکە نوسەر دایهێناوە(ولغ، غانغ کایزر، ١٩٩٢: ١١٣). بەگوێرەی ئەم بۆچونە کە ئێمەش لەم توێژینەوەدا پشتی پێ دەبەستین، بگێڕەوە بونەوەرێکی خەیاڵییەو خەیاڵی نوسەر بەرهەمی دەهێنێ و بۆ گەمەیەکی هونەری بەکاری دەهێنێ و ئەمەش هەمو جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆماندا دەگرێتەوە .

بە هەمان شێوە، ڤلادیمیر کریزنیسکی، بگێڕەوە لە نوسەر جیا دەکاتەوەو بە ئامرازێکی زمانیی وەسفکاری دەزانێ کە لەناو گوتاردا ئەرکی گواستنەوەی پەیامی گێڕانەوەی هەیە، تەنیا ماسکی نوسەر نییە، بەڵکو هەروەها پەیوەندی بە بەهاوە هەیە، بەها مرۆیی و ستاتیکییەکان. ئەمەش وەکو ئەو دەڵێ وێنەو ئەرک و سودی ستاتیکی بگێڕەوە جێگیر دەکەن...(کریزنسکي،١٩٩٢: ٢١٣).

لەبارەی تێکەڵاوکردنی نوسەرو بگێڕەوەوە کە هەندێ ئەم دوانە بە یەک دەزانن، بە تایبەتی لە ڕۆمانێکدا بە ڕاناوی قسەکەر، کارەکتەرو ڕوداوەکان پێشکەش کرابێ، تزڤیتان تۆدۆرۆڤ دەڵێ:((واپێدەچێ ئەم تێکەڵاوییە زۆر مەترسیدارتربێت ئەگەر بیرمان هاتەوە لە پشت هەمو ئەم پرۆسەیەوە ـ واتە پرۆسەی گێڕانەوە ـ وێنەی بگێڕەوەیەک خۆی دەنوێنێ، ئەم وێنەیە هەندێ وا لێی تێگەیشتون کە وێنەی خودی نوسەرە))(تودوروف، ١٩٩٦: ٨٤).

لەباسی بگێڕەوە لە ڕۆمانی (باوکە گۆریۆ)ی بەلزاکدا، ژیرار ژنێت، هەمان ئەو بۆچونە دوپات دەکاتەوە کە بگێڕەوە خودی نوسەر نییە لەو ڕۆمانەدا، ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا گوزارشت لە بۆچونەکانی ئەو نوسەرە دەکات(جنیت، ١٩٩٧: ٢٢٨ـ٢٢٩).

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو نوسەرو ڕەخنەگرانەوە تەماشای بگێڕەوە بکەین لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بۆمان دەردەکەوێت (فەرهاد)ی کارەکتەر، فەرهادی نوسەری ئەو دەقە نییەو نوسەر بۆ ئەوەی خوێنەر، بەتایبەتی خوێنەری ساویلکە تەفرە بدات ناوی فەرهادی بە کارەکتەری سەنتەری گۆشەنیگای بگێڕەوە داوە، ئەمەش گەمەیەکە لەڕێی هەندێ ڕوی لێکچون

لە نێوان ژیاننامەی نوسەرو ئەو کارەکتەرەدا ئەنجامیداوە، وەک لێکچونی ناوی یەکەمی هەردوکیان، هەڵاتنی نوسەر و کارەکتەرەکە لەبەر سەربازی و ترسی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، بۆ وڵاتی ئێران و پاشان بۆ فەرەنسا و دواتر گەڕانەوە بۆ شاری هەولێر کە زێدی نوسەرە .

فەرهاد لەم دەقەدا کارەکتەرێکە لە پاڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا، تەنیا بەوە لێیان جیادەبێتەوە کە نوسەر کردویەتییە سەنتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە. نمونەی هاوشێوەی فەرهادی کارەکتەر کە بگێڕەوە بە ڕاناوی قسەکەر لەزاری ئەوەوە دەگێڕێتەوە، لە ڕۆمانی جیهانیدا زۆرە وەک )مارسیل) لەڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچو)ی مارسیل پرۆستدا کە ناوی یەکەمی ئەوکارەکتەرەیەو ڕۆمانیش هەیە کارەکتەرێکی کردوەتە سەنتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە کە ناوی لەگەڵ ناوی نوسەری ڕۆمانەکەدا جودایە وەک فالمۆن لە ڕۆمانی (پەیوەندییە ترسناکەکان)ی لاکلۆ، ئیسماعیل لە ڕۆمانی (مۆبی دیک)ی مەلفێل، سەعید لە ڕۆمانی(وەرزی کۆچ بەرەو باکور)ی (طیب صالح) کە لەم ڕۆمانەی فەرهاد پیرباڵدا، لەڕێی کرداری هۆمۆسیکسیۆلی محەمەدی حاجی زادە لەگەڵ پیرەمێردێکی دەوڵەمەندی فەرەنسی کە ناوی (دونی)یە لە ڕۆمانەکەداو فەرهاد پێی دەڵێ بەم کردارە تۆڵەی خۆت لە فەرەنسییەکان دەکەیتەوەو حەمەحاجی زادەش قسەکەی فەرهاد دوپات دەکاتەوە.

ئەم ڕۆمانە لەڕێی بگێڕەوەیەکی هەمانشتزانەوە پێشکەش کراوەو فەرهاد بوەتە سەنتەری گێڕانەوەکەو لە ڕێی فەرهادەوە سەرجەم کارەکتەرەکانی دیکە پێشکەش دەکرێن. ئەگەر فەرهاد حازر بو ئەوانیش دەردەکەون، ئەگەر فەرهاد قسە بکات لەگەڵ ئەواند دەدوێ و ئەگەر ئەوانیش بدوێن دەبینین لەگەڵ فەرهاددا دەدوێن، ئەگەر فەرهاد لە شوێنێک نەبێت کە ئەوانی لێن، ئەوا لەسەر شانۆی ڕۆمانەکە دەرناکەون. هەرئەمەش وایکردوە فەرهاد بێتە کارەکتەری سەرەکی و سەرەتای ڕوداوەکان بەو دەست پێ دەکات و دوا قسەی ڕۆمانەکەش لەلایەن ئەوەوە دەکرێت.

لە لاپەڕە (٦)ی ئەم ڕۆمانەدا، بگێڕەوە لە زاری فەرهادەوە بەم جۆرە پیشەو شوێنی ئەو کارەکتەرە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: ((من خۆم لە هوتێلێکی سێ ئەستێرەدا کارم دەکرد، جگە لەمە نیگارکێش بوم، چەند مانگ جارێک هەندێ لە تابلۆکانی خۆمم دەفرۆشتەوە گەلەرییەکانی پاریس و پێی دەژیام)). بەم جۆرە دەبینین بگێڕەوەی درامی چۆن ڕێ دەدات کارەکتەر بۆ خۆی بدوێ، بێ ئەوەی ئەو بگێڕەوەیە ڕاستەوخۆ خۆی پیشانی خوێنەر بدات. ئەم بگێڕەوەیە بکەری گوتارە نەک بکەری ڕوداوەکان. ئەم بۆچونەش لەلایەن تزڤیتان تۆدۆرۆڤەوە لە بابەتی (زمان و ئەدەب)، لە پەرتوکی (زمان و گوتاری ئەدەبی)باسکراوەو تێیدا، جیاوازی لە نێوان ئەو دو(من)ەدا دەکات و دەڵێ: ((ئەوەی لە ڕۆماندا دەڵێت (من) ئەوە(من)ی گوتارە، واتە بکەری گوتراو نییە، چونکە ئەوەی لە ڕۆماندا دەڵێ (من) تەنیا کارەکتەرێکە لە کارەکتەرکانی چیرۆکەکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەدوێ بۆ ئەوەی سیفەتێکی خودی بە قسەکانی بدات کە پشتڕاستکردنەوەی چیرۆکەکە دەیخوازێ، وگوزارشتکردنی بە ڕاناوی (من) نایکاتە بکەری گوتارەکە، چونکە بکەری گوتارەکە(من)ێکی ترە، هەمیشە نەبینراوە، ئەو (من)ە نەبینراوەیە کە ئاماژەیە بۆ بگێڕەوە، و ئەو دەنگە شیعرییەیە کە لە ژێر گوتارێکی زمانیدا خۆی شاردوەتەوە)) (الكردي، ٢٠٠٦: ٣٨).

ئەرکی بگێڕەوەی درامی دابەشکردنی ڕوداوە بەسەر جەستەی دەقدا، پڕکردنەوەی کەلێنە لە ڕێڕەوی گێڕانەوەدا، ئەمەش وادەکات ڕۆمان لەڕوی بنیاتەوە ئاڵۆز بێ و خوێنەر ناچار دەکات بەدوای ئەو زانیارییانەدا بگەڕێت کە بەهۆی ئەو کەلێنەوە دروست بوە. ئەو زانیارییەی لە لاپەڕە(٦)دا باسی شوێنی کارو پیشەی فەرهاد دەکات، پێویستی بە زانیاری دیکە هەیە بۆ ئەوەی لای خوێنەر زیاتر ڕون ببێتەوەو لە گێڕانەوەکەشدا کەلێن نەمێنێ .ئەم دیاردەیە لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپا لە زۆر شوێن بەرچاو دەکەوێ و ڕۆماننوس چارەی گونجاوی بۆ کردوە. لەبەر ئەوە دەبینین کۆی دەقەکە بە پڕاو پڕی

بەرهەم هاتوە. بۆنمونە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو شوێنەی ماوەیەکی زۆر فەرهاد لەوێ کاری کردوە، بگێڕەوە لە زاری فەرهادەوە لە لاپەڕە(٣٢)دا دەڵێ: ((هوتێل(ئەوروپا) شەقامی ترێڤیز، ژمارە(٧)، پاریسی دەیەم. چەندین ساڵ ئەمە بو ناونیشانی گەنجێتی من لە پاریس. هەمو ڕۆژێک (تەنیا ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە نەبێ) لە سەعات هەشتی ئێوارەوەوە تا سەعات هەشتی بەیانی، لە پێشوازیی هوتێلەکەدا (بەرپرسی یەکەم) بوم. بەخۆمم دەگوت(خاوەن ماڵم)...)).

لەم ڕۆمانەدا بگێڕەوەی درامی، زانیاری لەسەر کارەکتەرو ڕوداوەکان بەخوێنەر نادات، بەڵکو لەزاری ئەوانەوە زانیاری دەگوازێتەوە، لە هەرکوێ زانیاری دەست نەکەوێ، پەنا دەباتە بەر دەستەواژەی پێدەچو، یان وابزانم و دەستەواژەی دیکە. بۆ نمونە لە لاپەڕەی(٢٨)دا سەبارەت بەوەی محەمەدی حاجی زادە لە ئێرانیش بایەخی بە سیاسەت داوە، دەستەواژەی پێ دەچو بەکاردەهێنێ و لەزاری فەرهادەوە دەڵێ: ((محەمەدی حاجی زادە زمانی ئینگلیزیشی زۆر باش دەزانی. پێ دەچو بەڕاستی هەر لەوکاتەوەی لە ئێران بوە بایەخدانی بە سیاسەت کەم نەبو بێ)).

نیشانەکانی ئەوەی کە بگێڕەوەی ئەم ڕۆمانە بنیاتێکی درامی هەیە، بەدەگمەن نەبێ هەندێ زانیاری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوی (ئەو) لەڕوانگەی فەرهادەوە پێشکەش دەکات کە ئەو زانیارییانەش هەر لە چوارچێوەی شێوازی هەمانشتزانیدا دەردەکەون، چونکە سەرچاوەکەی فەرهادەو بگێڕەوە ڕاستەوخۆ بەسود وەرگرتن لە گۆشەنیگای هەموشتزان نایانگێڕێتەوە، و دوایی چەند نمونەیەک لەو بارەوە دەخەینەڕو، ئەگینا زۆر بەی زانیارییەکانی بگێڕەوە، لە ئاستی هەمانشتزانی خودیدا دەمێننەوە. بۆ نمونە فەرهاد لەبارەی خەمێک کە لەکاتی قسەکردندا لەسەر ڕوخساری مسیۆلوسیانا دەردەکەوت، هیچ زانیارییەکی نییە تا ئەوکاتەی پەیوەندی نێوانیان زۆر بەهێز دەبێ و مسیۆ زیاتر متمانە بە فەرهاد دەکات و بەخۆی ئەو ڕازەی بۆ ئاشکرا دەکات کە کاتی خۆی پەیوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ کچێکی ئێرانیدا هەبوە، ناوی(زیبا)بوەو هاتوەتە پاریس بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر لە لەشانۆ، و بەدرێژایی ئەو ماوەیە پەیوەندییان بەردەوام بوە، تا کچەکە خوێندن تەواو دەکاو دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. فەرهاد لەبارەی خەمی سەر ڕوخساری مسیۆلوسیاناوە لە لاپەڕە(٨٤ -٨٥)دا دەڵێت: ((مسیۆ لوسیانا، بە نائومێدییەوە تەماشایەکی سەر زەوییەکەی کرد، وەک ئەوەی برینێکی کۆنی کولابێتەوە:

ـ بەڵام.. سەروەت و سامان بەچی دەچێ!

ئەو قسەیەی کردو یەکسەر تەمی هەستێکی فیگاریی قوڵ، کە لە نائومێدییەک دەچو، کەوتە سەر ڕوی؛ ڕۆحی کوژاندەوە. دوای ئەوە ئیتر هیچی نەگوت. من لە یەکەمین شەوی یەکتر ناسینمانەوە، هەستم بەو تەمە فیگارییەی سەر ڕوی مسیۆلوسیانا کرد. هەرگیز نەمدەتوانی تێ بگەم کە بۆچی جار بەجار لە ساتی گفتوگۆکانماندا تەمی نائومێدییەک لەناکاو ڕوی شادی ئەو پیاوە قۆزو پایەدارەی دادەپۆشی، کە لەڕوی داراییەوە... لە هیچی کەم نەبو... ئەگەر ڕۆژێک هەندێ شتی بۆم باس نەکردایە، من هەرگیز هیچ شتێکم لە بارەوە نەدەزانی و نەشمدەتوانی ـ ئەسڵەن لەڕوم نەدەهات ـ هیچ پرسیارێک لەم بارەیەوە بکەم)).

بنیاتی بگێڕەوەی هەمانشتزان ڕێ نادات بگێڕەوە لە سەرچاوەیەکی دەرەوەی کارەکتەرەکان زانیاری لەسەر ئەوان پەیدا بکات. هەرکە کارەکتەرەکە ڕێیدا ئەوسا ئەویش دەتوانێ بۆ خوێنەری بگوازێتەوە.

لە لاپەڕە(٧٦)دا فەرهاد لەزاری مسیۆلوسیاناوە، ئەوە باس دەکات کە گوایە ئەو کارەکتەرە لە گفتوگۆیەکدا پێیگوتوە لە تەمەنی بیست و یەک ساڵییەوە خۆی سەرقاڵی فێربونی زمانی فارسی کردوە. هەروەها لە هەمان شەودا گوتویەتی ئێستا خەریکی نوسینی تێزی دوکتۆرام لەبارەی کاریگەریی شیعری فەرەنسی لەسەر نیمایۆشیجی شاعیری گەورەی ئێرانی. فەرهاد لە ٧٩)دا باسی ئەوە دەکات پرسیاری لە مسیۆلوسینا کردوە کە بۆچی ئەوەندە خولیای ئەدەبیاتی ئێرانییە...؟ ئەو لە

وەڵامدا بە حەسرەتێکی قوڵەوە دەڵێ تۆ چۆن حەزت لە نیگار کێشانە، منیش بەو جۆرە حەزم لە زمان و ئەدەبیاتی فارسییە. فەرهاد لە شیکردنەوەی ئەو حەسرەتەدا دەڵێ:((هەناسە حەسرەتاوییەکەی، هێندە پڕ سوێ و قوڵ ـ قوڵ ـ بو، ڕێگەی لەوە دەگرت کە من بڕوا بهێنم کە هۆی ئەم بایەخدانەی وی بە ئێران و زمانی فارسی تەنیا حەزێکی ئاسایی بێت بۆ ئەدەبیات. باوەڕم نەکرد، بە تێگەیشتنی من، هۆو ئامانجی دیکە لە ئارادا هەبو)).

بەکارهێنانی دەستەواژەی (بەتێگەیشتنی من) بەڵگەیە بۆ ئەوەی بگێڕەوە نایەوێ وەڵامی یەکلاکەرەوە بخاتە سەرزاری کارەکتەری سەنتەری گۆشەنیگایەکەی و خۆیشی لە سنوری هەمانشتزان دەربچێت و دەسەڵاتی بەرەو بگێڕەوەی هەموشتزان بگۆڕێت.

ئاشکراکردنی ئەو ڕازو نهێنییەی خەمباری و بایەخدانی مسیۆلوسیانا بە زمان و ئەدەبیاتی فارسی بۆ دو هۆ دەگەڕێتەوە، کە یەکێکیان نیازی ئەو کارەکتەرەیە بچێت بۆ ئێران، بۆ شاری ئەسفەهان بۆ ئەوەی بەڵگەنامەو دەستنوسەکانی (دێڤن شالون)ی باپیرە گەورەی بۆ پاریس بگێڕێتەوە کە لە لاپەڕە(٩٠)و لاپەڕە(٩٢) و لاپەڕە(٩٣)دا بەخۆیی و فەرهاد باسیان کردوە. هۆی دوەم کە باسی خۆشەویستیی نێوان لوسیاناو زیبای ئێرانییە، هەڵگیراوە بۆ لاپەڕە (١٤٨، ١٥٣، ١٥٤)و لەوێدا، لەماڵی مسیۆلوسیانا کە دەعوەتی فەرهادی کردوە بۆ ماڵی خۆیان و بەدەم خواردنەوەوە ئەم ڕازەی دڵی، و تەمەنی چوارساڵی عەشقی بەباچوی نێوان خۆی و زیبا بۆ فەرهاد ئاشکرا دەکات کە تەنیا تاکە پێڵاوێکی پێی چەپی زیبا بە یادگاری لەلاماوە. مسیۆلوسیانا لەدوا ساتەکانی دەست لەیەک بەردان و جودایی هەتا هەتایی خۆیی و زیبا لەبەر جیاوازی ئایینی لە لاپەڕە(١٥٣)دا دەڵێت: ((پێم دەگوت: هەرچی موڵک و سامانم هەیە بەناوت دەکەم.. بادایک و باوکت بزانن چەندێکم خۆش دەوێی؛ دەیگوت هەرکە بزانن تۆ جولەکەیت دەمودەست سەرم دەبڕن.

دەمگوت: دێمە سەردینی ئیسلام لەبەر خاتری تۆ دەبمە شیعە، دەیگوت باوکم گوتویەتی دەبێ هەر ئێستا پاریس جێ بهێڵیت و بگەڕێیتەوە تاران))

دوایی مسیۆلوسیاناوە دەڵێت لەناو ویستگەی شەمەندەفەری (نۆرد)، من دەگریام و دەپاڕامەوە، دەمگوت جێم مەهێڵە، زیباش دەگریا، دەیگوت دەبێ بڕۆم، کەوتمە سەر قاچەکانی، پاڕامەوە، تێر.. تێر پێڵاوەکانیم ماچ کرد، بۆنێکی خۆش لە پێڵاوەکانی دەهات. دوا ئاژیری شەمەندەفەرەکەلێیداو بە ڕێکەوت. دواجار لە لاپەڕە(١٥٤)دا مسیۆ دەڵێت توند قاچی چەپی زیبام گرت و لەکاتی جوڵەی شەمەندەفەرەکەدا، تاکی پێڵاوی چەپی ئەوم بەدەستەوە مایەوە.

بەم شێوەیە گرنگترین ڕازی شاراوەی نێو دڵی مسیۆلوسیانا بۆ فەرهاد ئاشکرا دەبێ. لێکدانەوەی بنیاتی گێڕانەوەی ئەو کۆپلانە، دوشت لەبارەی بنیاتی بگێڕەوەی ئەم ڕۆمانەمان بۆ ئاشکرا دەکات: یەکەمیان گۆڕینی کاتیی سەنتەری گۆشەنیگا لە فەرهادەوە بۆ لوسیانا، و دوەمیان دەقئاوێزانی نێوان بەسەرهاتی خۆشەویستیی لوسیاناو زیبایە لەگەڵ دەقی حیکایەتی (سەندریلا) کە ئەویش لە ئاهەنگی سەماوگۆرانیی نێو کۆشکی پاشادا، تاکێ لە پێڵاوەکەی بەجێ دەمێنێ و پاشان لەڕێی ئەو پێڵاوەوە شازادەی کوڕی پاشا، سەندریلا دەبینێتەوەو دەیخوازێت. بەڵام لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا ئەوە یەکلا نەکراوەتەوە کە ئایا لوسیانا بەسەفەرکردنی بە پاساپۆرتی محەمەدی حاجی زادەی ئێرانی کە زۆر لەیەک دەچن، دەگاتە ئامانجەکانی و زیبا دەبینێتەوە یان لەو پێناوەدا سەری دادەنێ.

هەرچەند ڕۆماننوس بیەوێ پابەندی هێڵی گێڕانەوەی درامی بێت و تەنیا بەڕاناوی (من)ی هەمانشتزان تاکۆتایی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵام ئەمەی بۆ ناچێتە سەرو هەندێ جار ناچار دەبێت ئەو ڕاناوە بکاتە ڕاناوی (ئەو)، بێ ئەوەی لە گێڕانەوەی هەمانشتزان دەربچێت. بۆ نمونە ((ئێمەدەزانین کافکا بەڕاناوی تاکی قسەکەر دەستی بە نوسینی ڕۆمانی (کۆشک) کردوە، ئەم ڕوانگەیەشی نەگۆڕی تا قۆناغێکی زۆر دواتر، ئینجا گواستییەوە بۆ ڕاناوی تاکی نادیار و دەستی بە

نوسین کردوەتەوە، بەڵام هەمیشە بەگوێرەی دیاردەی (بگێڕەوە= کارەکتەری ڕۆمان). لە لایەکی دیکەوە بگێڕەوە دەتوانێت بەدواداچون بۆ یەک یان چەند کارەکتەرێکی زۆر بکات(...). دواتر لەوانەیە بابەتەکە پەیوەندی بە گێڕانەوەیەکی هۆشمەندانەوە بێت لەلایەن کارەکتەری ڕۆمانەکەوە، یان(تونێکاری) بێت بۆ مەغزی وەک لە چەندین ڕۆمانی فۆکنەردا هەیە...))(تودوروف، ١٩٩٢: ٥٨-٥٩). هەمان دیاردەش لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپای فەرهاد پیرباڵدا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نمونە لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان فەرهادی کارەکتەرو محەمەدی حاجی زادەو مورتەزا گوڵچین و فەرەحنازی هاوسەری مورتەزادا، دەربارەی پاراستنی کەلتورو نەریت و ئاین و ڕەسەنایەتیدا، بگێڕەوە لە ڕێی فەرهادەوە، بە بەکارهێنانی ڕاناوی (ئەو)ی تاکەوە هەوڵدەدات زەینی هەریەک لە مورتەزا گوڵچین و فەرەحناز خانممان بۆ ئاشکرا بکات و ئەوەی نەیان گوتوە، ئەو بەبەکارهێنانی وشەی (دەیویست) بۆمانی ئاشکرا بکات. فەرهاد لە لاپەڕە(٥٨)دا، لە وەڵامی قسەکانی ئەواندا کە داکۆکییان لە کەلتور و داب و نەریت و ئاین دەکردو دەیانگوت پێویستە لەم ئاوارەییەدا بپارێزرێن، پێیان دەڵێت:

((ئێوە .. کەواتە بۆچی هاتون بۆ ئێرە؟

مورتەزا دڵنیابوم دەیویست بڵێ:

- ئێمە لە دەسـت بێ درامەتی و بێکاری لە ئێرانەوە ڕامانکردوەتە ئێرە، بەڵام لە شـەرمی ئەوەی ژنەکەی لەوێ دانیشـتبو، یەکڕاست گوتی:

. هاتوین بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی ئێمەش دنیا ببینین.. ئیتر.

فەرەحنازی خێزانیشی، دڵنیابوم دەیویست بڵێ:

-ئێمە لە دەسـت ئاخوندو عەمامە بەسـەرەکانی کۆماری ئیسـلامیی ئێران ڕامان کردوەتە ئەوروپا، بەڵام هەسـتمکرد ئەویش لە ترسی ئەوەی کە محەمەدی حاجی زادە لەوێ دانیشتبو، گوتی:

. ئێمە لە دەست شەڕ ڕامان کردوە، ئاغای فەرهاد..)).

هەندێ جار نوسەری ئەم ڕۆمانە لە هێڵی درامی گێڕانەوە لادەدا، و ڕێگە دەدات بگێڕەوەکەی دەستێوەردان بکات، ئەگەرچی ڕێژەی ئەو دەستێوەردانە زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ناکرێ یان ناتوانرێ تەواوی ڕۆمانێک بە شێوەیەکی درامی بگێڕدرێتەوە. سەبارەت بەم بۆچونە، ژیرار ژنێت لە پەرتوکی(گوتاری گێڕانەوە)دا دەڵێ: ((دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین ئەوەی پێی دەڵێن تیشکۆی ناوەکی، بە دەگمەن نەبێ وەک خۆی پراکتیزە ناکرێ. بنەمای ئەم شێوە گێڕانەوەیە ئەوە دەخوازێ کە نابێ هەرگیز بگێڕەوە، کارەکتەری تیشکۆیەکە وەسف بکات، و نابێت تەنانەت لە دەرەوەش ئاماژەی پێ بکات و هزرو پەی بردنەکانی بە شێوەیەکی بابەتی شیبکاتەوە. کەواتە تیشکۆیەکی ناوەکی لەم جۆرە و بەم مانا دیاریکراوە بونی نییە))(جنیت، ١٩٩٧: ٢٠٣). ئەم جۆرە دەستێوەردانە ئاساییە، چونکە ڕۆمان لە بەسەرهات و گێڕانەوەی بەسەرهات پێکهاتوە، بە مانایەکی دی بەسود وەرگرتن لە زاراوەکانی قوتابخانەی فۆرمالیزمی ڕوسی، ڕۆمان لە حیکایەت و گوتار پێکهاتوە، مەرج نییە ئەوەی لە ئاستی حیکایەتدا ڕویداوە وەک خۆی لە ئاستی گوتاردا بخرێتە بەرچاو. هەروەها ڕۆماننوس دەبێت وێنەی وەسفیی کارەکتەر، چ لە ڕوی ڕواڵەت و چ لەڕوی هزرەوە پیشان خوێنەر بدات. ئەمەش یەکێکی دیکەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانە کە لە دەقی شانۆیی جیا دەکاتەوە. لە لاپەڕە (٨)ی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەڕونی بۆمان دەردەکەوێت ئەوە بگێڕەوەیە لە زاری فەرهادی کارەکتەری سەنتەری گێڕانەوەوە، وەسفی جوانی (ساقی گوڵچین) ی خوشکی مورتەزا گوڵچین دەکاو هەروەها زانیاری لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و هۆکاری هاتنی بۆ ئەمریکاو جۆری پیشەی ئەو دەکات، بێ ئەوەی ئەوە دیاری بکات کە چۆن ئەو کارەکتەرە ئەو زانیارییانەی دەستکەوتوە، تەنیا پشت بە هەستکردن دەبەستێ، بێ ئەوەی بزانێ ئەم جۆرە هەست پێکردنە ناتوانێ

زانیاریی یەکلاکەرەوەی لەم جۆرەی بە دەست بخات، کە دواتر لە ماڵی فەرەحناز خانم، خودی ساقی گوڵچین بەشی سەرەکی ئەو زانیارییانە یەکلا دەکاتەوە. فەرهاد لەو لاپەڕەیەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا دەربارەی ئەم کارەکتەرە دەڵێ: ((ژنێکی جوان، کەڵەگەت، تەمەن دەوروبەری چل ساڵ، چاو برۆ ڕەش، زۆر کۆک.. هەر لە یەکەمین دیمانەوە هەستم پێ کرد کە لەو ژنە ڕۆشنبیرە مێیانەیە، بە هۆی ڕوخانی شای ئێرانەوە ئەویش ئاوارەی ئەمریکا بوبو، لە شاری سان فرانسیسکۆ گەلەرییەکی بۆ خۆی دامەزراندبو، تابلۆی لە تورکیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبییەوە دەکڕی و دەیبردنەوە بۆ سان فرانسیسکۆ لە گەلەرییەکەی خۆی دەیفرۆشتنەوە)).

لە شوێنێکی دیکەو لە لاپەڕە(١٣) بەدیاریکراوی، کە باسی پێ نەدانی مافی پەنابەری بە محەمەدی حاجی زادە و سێ جار ڕەتکردنەوەی ئەو داوایە، دەبینین بگێڕەوە زانیاری لەسەر خەڵکی وڵاتانی وەک فەلەستین و ئەفغانستان و عێراق و بەنگلادیش و لوبنانیش ڕادەگەیەنێ کە گوایە ئەوانیش وەک محەمەدی حاجی زادە، مافی پەنابەرییان چەند جارێک لەلایەن ئۆفیرایەوە ڕەتکراوەتەوە. ئەم زانیارییانەش بونی بگێڕەوە ئاشکرا دەکەن، ئەوە ڕون دەکەنەوە کە لێرەو چەند شوێنێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە، بگێڕەوە دەستێوەردانی کردوەو بۆ ئەمەش سودی لە ڕوانگەی کارەکتەری سەنتەری گۆشەنیگایەکەی وەرگرتوە کە ئەویش فەرهادی کارەکتەرە.

## تەوەری دوەم: بنیاتی کارەکتەر

یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان کارەکتەرەو ئەم توخمەش پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە سەرجەم توخمە هونەرییەکانی دیکەی ڕۆمانەوە هەیە، وەک (ڕوداو، شوێن، کات، پلۆت، گۆشەنیگای گێڕانەوە، بگێڕەوە...). پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی هوتێل ئەوروپای فەرهاد پیرباڵ، دەبێ باسی پەیوەندنی نێوان بگێڕەوەو کارەکتەر بکەین و بۆ ئەمەش یەکەمجار لە پێناسەی ڕوانگەوە دەست پێدەکەین و سود لەو پێناسەی تۆدۆرۆڤ وەردەگرین کە دەڵێ: ((جۆرە جیاوازەکانی پەی بردن کە لەڕێی گێڕانەوەوە دەردەکەوێ پێیدەڵێین (گۆشەنیگا)، و بە شێوەیەکی وردتر.. بینین پەیوەندی نێوان(ئەو)(بکەری گوتراو)و (من) (بکەری گوتن نێوانی کارەکتەرو بگێڕەوە پیشان دەدات))(تودوروف، ١٩٩٦: ٧٧). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کارەکتەر بکەری ڕوداوە، کەچی ئەرکی سەرەکی بگێڕەوە گێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەیە کە جیهانی دەقی ڕۆمانەکە لە سەر بناغەی جوڵەو ململانێی کارەکتەرەکان دادەمەزرێنێ. لە لایەکی ترەوە پێویستە لێرە ئەوە ڕون بکەینەوە کە وەک چۆن بگێڕەوە کارەکتەر نییە، بەڵکو توخمێکی سەربەخۆی گێڕانەوەیە، بەهەمان شێوەش دەبێ پێداگیری لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بگێڕەوەش خودی نوسەر نییە، و ((ناکرێ هاوجۆری لە نێوان بگێڕەوەو نوسەردا بکەین تەنانەت ئەگەر هاتو نوسەر (من)ی قسەکەری لە گێڕانەوەدا بەکارهێنا، چونکە بگێڕەوە کەسێکی(توخمێکی) وێناکراوەو نوێنەرایەتی نوسەر دەکات، ئەوەش بەرجەستە دەکات کە نوسەر بانگەشەی بۆ دەکات))(بوتور،١٩٨٢: ٩٥).

پەیوەندی نێوان بگێڕەوەو کارەکتەر زۆری لەسەر گوتراوە، ئێمە لێرەدا تەنیا باسی بگێڕەوەی هەمانشتزان دەکەین کە لە گێڕانەوەدا ڕاناوی قسەکەر بەکاردەهێنێ و زانیارییەکانی یەکسانە بەزانیارییەکانی کارەکتەر. هۆی ئەم بۆچونەشمان پەیوەندی بە خودی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپاوە هەیە کە هەمان شێوازی گێڕانەوەی تێدا بەکارهاتوە.

ژان پۆیان، لەباسی پەیوەندی نێوان کارەکتەرو بگێڕەوەی هەمانشتزاندا شێوەیەکی ماتماتیکی بۆ ڕونکردنەوە بەکارهێناوە:

بگێڕەوە= کارەکتەر (بگێڕەوە ئەوە دەزانێت کە کارەکتەر دەیزانێت) (دیتن لەگەڵ)(قاسم، ١٩٨٤: ١٣٢).

بەگوێرەی ئەم ڕوانگەیە، واتە (دیتن لەگەڵ)، بگێڕەوە بۆی نییە هیچ لە بارەی کارەکتەرەکانەوە ئاشکرا بکات ئەگەر خودی کارەکتەرەکان ئەو زانیارییەیان لانەبێ، یان پەیان پێ نەبردبێ. هەروەها لەو ڕۆمانانەی ئەم جۆرە دیتنە، یان ڕوانگەیە، یاخود گۆشەنیگایەیان تێدا بەکارهاتوە دەبنین ڕۆماننوس ((کارەکتەرێک دەکاتە سەنتەری گێڕانەوەکە بەجۆرێک(ئەوانی دی) لە چاوی ئەوەوە دەبینێ)) (بورنوف&اوئیلیة،١٩٩١: ٧٨). ئەم شێوازە لە سەردەستی فلۆبێر، شێوەی وەرگرت وەک سیزا قاسم دەڵێ: ((شێوەی ستاتیکیی تەواوی خۆی وەرنەگرت تەنیا لەسەر دەستی فلۆبێر لەڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)دا نەبێت کە ڕوانگەی خودیی (ئیما)ی کردوەتە بڕبڕەی پشتی بنیاتی ڕۆمانەکە))(قاسم،١٩٨٤: ١٤١). لێرەدا ئاگایی کارەکتەری سەنتەری گێڕانەوە دەبێتە بناغە بۆ ناسینی تەواوی جیهانی ڕۆمانەکە، و ئەوەی لەوێدا دەربکەوێ، بگێڕەوە بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە. هەمان ئەم پرۆسەیەش لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا گیراوەتەبەر. لەم ڕۆمانەدا، تەواوی کارەکتەرەکان لەڕێی فەرهادی کارەکتەرەوە دەناسرێن، تەنانەت ئەگەر خۆیان باسی خۆیان، یان کارەکتەرێک باسی کارەکتەرێکی دیکە بکات، ئەوا دەبێت بەئاگایی و ئامادەیی ئەم، ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت. ئەمەش بنیاتی هونەریی ڕۆمانی (چەرخ)ی (حننا مینة)مان بیر دەخاتەوە. ژمارەی کەمی کارەکتەرەکان لەم ڕۆمانەدا، شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێی ئاگایی یەک کارەکتەرەوە، کە بەبێ ئامادەیی ئەم کارەکتەرە، ئەوانی دی لە سێبەردا دەمێننەوە، تەنیا لەگەڵ ئەمدا دەکەونە ئاخاوتن، بەبێ حزوری ئەم، ناتوانین بەدوادا چونیان بۆ بکەین، بە دیار نەمانی ئەم ناتوانین ئەوانیش ببینین، گوێمان لە دەنگیان بێت. ئەم سەنتەری چاودێرییە، جەمسەری گفتوگۆیە لە دیمەنەکاندا(بڕوانە: فضل، ١٩٩٢: ٥٤-٥٥).

لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، ڕێدراوە کارەکتەرەکان خۆیان بدوێن و بەناو ڕوداوەکاندا تێپەڕن و گۆڕان بەسەریاندا بێت. خۆیان، خۆیان دەناسێنن، یان بگێڕەوەی هەمانشتزانی درامی لەڕێی فەرهادەوە ئەوانمان پێ دەناسێنێ و بیرو بڕوای ئەوانمان لە ڕێی گفتوگۆیەوە بۆ ئاشکرا دەکات، ئەمەش وایکردوە، شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە زۆر لە شێوازی شانۆی نوێنراو نزیک ببێتەوە. کارەکتەرەکان بەنۆرەو زۆرجاریش لەڕێی دیالۆگ لەگەڵ یەکدا بەدەردەکەون و گوزارشت لە دەنگی خۆیان دەکەن. بۆ نمونە فەرهاد لە لاپەڕە (٣٢)دا بەم جۆرە بەراوردی خۆی لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە دەدا دەکات: ((تاقە شتێک من و ئەو مەلا ئێرانەییەی بە یەکتر دەبەستەوە، دڵسافی و ساویلکەییەکی ئەو تۆی بو کە خۆمی بیر دەخستەوە. ئەو کاتانەی منیش تازە لە دەست ڕژێمی بەعس ڕام کردبوە ئەوروپاو کەسم نەدەناسی تا داوای کار یان یارمەتییکی لێ بکەم)). لێرەدا بەم بەراوردە و تەنیا لە ڕوانگەی فەرهادەوە کەسایەتی محەمەدی حاجی زادەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، بەبێ فەرهاد ئێمە ناتوانین ئەم ڕوئیایە لەسەر ئەو کارەکتەرە دروست بکەین. ئێمە لە یەکەمین ساتەکانی یەکترناسینی ئەم دوانەوە، وردە وردە محەمەدی حاجی زادە دەناسین. بێ ئەم یەکتر ناسینە، فەرهاد نەیدەتوانی بەو جۆرەی لە دەقەکەدا هاتوە تەواوی کەسایەتیی ئەومان بۆ باس بکات، و پێمان بڵێ بە چ قۆناغێکدا ئەو کەسایەتییە تێپەڕیوەو چۆن دواتر لە مەلایەکی ئێرانی پارێزگارەوە، دەبێتە کەسێکی مەی خۆرو هاوڕەگەزبازو دزو درۆزن.

لە لاپەڕە(٦)دا محەمەدی حاجی زادە، باسی ئەسڵ و ڕەچەڵەکی خۆی بۆ فەرهاد دەکات و دەڵێ: ((باوباپیرانم بە ئەسڵ خەڵکی قەزوینن، لە زەمانی (کودەتاکەی مسەدەق) باوانم هاتون بۆ تاران و ئیتر لەو کاتەوە بوینەتە تارانی)).

لە گفتوگۆیەکی نێوان محەمەدی حاجی زادەو فەرهاد لە لاپەڕە(٥٤)دا، محەمەدی حاجی زادە بەم جۆرە باسی مورتەزای گوڵچین و فەرەحنازی ژنی مورتەزا بۆ فەرهاد دەکات و ئەمەش دواتر زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی فەرهاد ئەو خانەوادەیە بناسێ و سەردانییان بکات:

((ژن و مێردەكە هەردوكیان شاعیرن، زۆر حەزیشیان لە موزیكی ئەسڵی ئێرانی و تابلۆو ئەم جۆرە شتانەیە.(..).حەتمەن ئەگەر نیگاركێشێكی كوردی وەك جەنابت بناسن.. زۆركەیفیان دێ. ئەوانیش هەر تەنیا شەس مانگە پەناهەندەییان لێرە بۆ دەرچوە)) سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی نوێ و ڕەخنەی بنیاتگەری دەیانویست لە بەهای كارەكتەر كەم بكەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئالان ڕۆب گرییەی ڕابەری ڕۆمانی نوێ و ڕۆلان بارت كە ڕابەرێكی دیاری ڕەخنەی بنیاتگەرییە، دان بەوەدا دەنێن كە ناكرێ لە گێڕانەوەی ڕۆماندا دەست لە كارەكتەر هەڵبگیرێ، بەڵام دەكرێ چۆنیەتی بنیاتانی هونەریی كارەكتەر بە شێوەیەكی دی سەودای لەگەڵدا بكرێ. بۆ نمونە ئالان ڕۆب گرییە دەڵێ: ((زیاتر لە جارێك مردنی كارەكتەر ڕاگەیەنراوەو گەورەترین و جدیترین ڕەخنەگر ئەمەیان دوپات كردوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هێزێك نەیتوانیوە(كارەكتەر) لەسەر مینبەر بێنێتە خوارەوە... بەڵكو بگرە ڕەخنە دان بە ڕۆماننوسی (ڕاستەقینە)دا نانێ بەبێ ئەمە. ئەوان دەڵێن ڕۆماننوسی ڕاستەقینە ئەوەیە كە دەتوانێت كارەكتەران بئافرێنێ))(جرییە، بدون سنة: ٣٤).

لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان كارەكتەر و ڕوداوەوە، ڕۆلان بارت دان بە گرنگیی بونی كارەكتەردا دەنێ و دەڵێ: دەركەوتنی كردارەكان، گواستراو یان پیشاندراو، بەبێ كارەكتەر مومكین نییە، بۆیە ئەمە ناچارمان دەكات بڵێین لە جیهاندا گێڕانەوە نییە بەبێ كارەكتەر(بارت، ١٩٩١: ٢٣).

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، ڕۆمانێكی درامییە، بۆیە زۆجار ڕوداوەكان دەگوازرێنەوە بۆناو زەینی كارەكتەر. بە واتایەكی دیكە، لەم ڕۆمانەدا وەك ڕۆمانی(گەڕان بەدوای زەمەنی لە دەست چو)ی مارسیل پرۆست، و ڕۆمانی (ئۆلیس)ی جیمس جۆیس لە ئاستی جیهانی و ڕۆمانی (هێلانە)ی حسێن عارف و ڕۆمانی(تۆڵە)ی محەمەد موكری لە ئاستی ناوخۆدا، زەینی كارەكتەری سەنتەری گێڕانەوە، واتە فەرهاد بوەتە شانۆی كۆمەڵێ ڕوداو لەڕێی فلاشباك و مۆنۆلۆگەوە پێشكەش كراون.

سەبارەت بە درامی كردنی زەینی كارەكتەرو ڕۆڵی لە جیاكردنەوەی ڕۆمانی درامی لە ڕۆمانی نەریتی، نوسەرانی پەرتوكی(جیهانی ڕۆمان) دەڵێن: لە ڕۆمانی نەریتیدا، داواكراوە دیمەنەكان لە شوێنی گونجاو لەناو چیرۆكدا جێیان بۆ بكرێتەوە، جا ئەو دیمەنانە ڕاستەوخۆ لەبەر چاومان ڕوبدەن یان وەك ئەوەی لە ڕۆمانەكەی(پرۆست) دەبینرێت . مەبەست لە ڕۆمانی گەڕان بەدوای زەمەنی لە دەست چوە - كە دیمەنەكان لەناو زەینی یەكێك لە كارەكتەرەكاندا ڕو دەدات كە ئەویش لەم دۆخەدا بگێڕەوەیە (بڕوانە: بورنوف&اوئیلیة، ١٩٩١: ٥٤-٥٥). ئێمە وەك پێشتریش باسمانكردوە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نین كە كارەكتەر بە بگێڕەوە بزانێت. لەڕۆمانی سنوری باسەكەماندا چەندین نمونەی مۆنۆلۆگ بەكارهاتوە و زۆربەیان پەیوەندی بە زەینی فەرهادەوە هەیە كە لە ژێر كاریگەریی ڕوداو هەڵوێستەكاندا دروست بونە. بۆ نمونە لەبەر ئەوەی فەرهاد باسی لێكچونی نێوان محەمەدی حاجی زادەو مسیۆلوسیانای بۆ ئەمی دوەم كردوە، و هەرخۆیشی بە مسیۆیی ناساندوەو داوای لێ كردوە بۆ ماوەی چەند مانگێك لە باتی ئەم لە هوتێلەكە ئیش بكات كاتێ كە بڕیار دەدات بۆ ماوەیەك بچێتە سانت مالۆ بۆ كاركردن و نیگار كێشان. هەروەها ئەگەر فەرهاد پەسنی ئەو مەلایەی بۆ مسیۆ نەكردبایە، ئەویش هێندە ئاسان قایل نەدەبو بە پاساپۆرتی ئەو مەلایە بچێتە سەردانی ئێران بەدوای بەڵگەنامەو دەستنوسەكانی باپیرە گەورەیی و هەروەها بۆ دیتنی زیبای دولبەری. لەژێر كاریگەریی ئەم هەڵوێستانەو نەزانینی هەواڵی مسیۆ پاش سێزدە ڕۆژ لە سەفەرەی بۆ ئێران و جگە لە درۆكانی مەلا محمەدی حاجی زادە كە خۆی كردبوە مسیۆلوسیاناو بە فەرهادی دەگوت من ئەوم و مەلا محەمەدی حاجی زادە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ئیتر ناگەڕێتەوە، فەرهاد زۆر خەمبار دەبێ و گومان لەوە دەكات كە ئەو مەلایە هەواڵی بە دەزگا ئەمنییەكانی ئێران داوە بە تاوانی جاسوسی بۆ ئیسرائیل بیگرن. فەرهاد لە لاپەڕە(٢٠٢)دا بە مۆنۆلۆگ و بەدەستەواژەی لە دڵی خۆمدا دەمگوت، باسی ئەو پیلانە دەكات و دەڵێ: ((لە

دڵی خۆمدا دەمگوت، هەر بۆ سبەینەکەی، محەمەدی حاجی زادە حەتمەن چوە پێوەندیی بە سەفارەتخانەی ئێرانەوە کردوە لە پاریس، موخبیریی داوە کە پیاوێکی فەرەنسی بە ناوی لوسیانا دو تودێل(...) بە ئەسڵ جولەکەی پورتوگاڵ، کە لە پاریس جاسوسی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات و چەندین جار هاتوچۆی ئیسرائیلیشی کردوە.. ڕۆژی سێشەم سەعات حەوت و نیوی بەیانی دەگاتە فڕۆکەخانەی تاران و بیگرن، چونکە پەساپۆرتێکی ساختەی ئێرانیی بەناوی محەمەدی حاجی زادەوە لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە!)).

بێ هەواڵی مسیۆلوسیانا، دڵەڕاوکەیەکی گەورەی لە دڵی فەرهاددا دروست کردوە، لەلایەک لۆمەی خۆی دەکات و لەلایەک محەمەدی حاجی زادە تاوانبار دەکات و لەلایەکی ترەوە لەو گومانە پەشیمان دەبێتەوەو لە لاپەڕە (٢٠٣)دا دەڵێ: ((هەندێ جاریش دەمگوت: هیچ دوریش نییە محەمەدی حاجی زادە لەگەڵ مسیۆلوسیانا پێکەوە بەشێوەیەک ڕێککەوتنێکی نهێنێ وتایبەتیان لەگەڵ یەکتر کردبێت و من پێ نەزانم! لەوکاتەدا من پێویست ناک بە هیچ شێوەیەک خۆم هەڵبقورتێنمە نێوانیانەوە. چاکتریش وایە لەو حاڵەتەدا بۆ بەرژەوەندیی هەردوکیان، من هیچ کارێکم بەسەریانەوە نەبێ! بەڵێ. بێدەنگ بم باشترە. بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنێکی وا لە نێوانیاندا هەبوایە، مسیۆ لوسیانا چۆن بە منی نەدەگوت؟! لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بە خۆمم دەگوت: بەڵام هیچ مەرج نییە کە مسیۆلوسیانا بە پێویستی زانیبێ لەم مەسەلەیە ئاگاداری من بکاتەوە)). بەم مۆنۆلۆگە چارەنوسی مسیۆلوسیانا بەکراوەیی دەمێنێتەوەو خوێنەر دەخاتە بەردەم بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزی دو ئاراستەوە: ئایا ئەو کارەکتەرە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەسگیرکراوە و محەمەدی حاجی زادە دەستی لەو پیلانەدا هەبوە، یان نەخێر نەگیراوەو هێشتا حەڤدە ڕۆژ ماوە بۆ گەیشتن بەمانگێک، کە خودی مسیۆلوسیانا لە ڕێستۆرانتی(لێ زامباسادۆر) لە لاپەڕە (١٨٧- ١٨٨) بە فەرهادی گوتوە: ((ئەگەر داوا لە محەمەدی حاجی زادە بکەم بۆ ماوەی مانگێک پەساپۆرتەکەی خۆیم بداتێ بۆ ئەوەی سەفەرێکی ئێرانی پێ بکەم؛ تۆ بڵێی بمداتێ؟)). یان لەوانەیە لەبەر خۆپارێزی لەڕوی ئاساییشەوە هیچ تەلەفۆنێکی نەکردوە یاخود پۆستکارتێکی بۆ فەرهاد نەناردوە، بۆ ئەوەی گومانی لێ نەکرێ و نەخرێتە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەوە، چونکە بەناو پەساپۆرتی مەلایەکی ئێرانییەوە چوەتە ئەو وڵاتەو خودی ئەو مەلایە پێشتر وەک لە دەقەکەدا باسکراوە خەلعی لیباس کراوە، واتە ئیجازەی مەلایەتی لێ سەندراوەتەوەو خراوەتە ژێر چاودێرییەوەو دواتر لەترسا لە ئێران هەڵاتوە. ئەم قسانەش هەمویان دەچنە خانەی گریمانەوە، چونکە دەقەکە شتێکی رونی نەدرکاندوە. بۆ بنیات نانی ئەم ڕوداوە، ڕۆماننوس گەمەیەکی سەیر لەگەڵ ئاوەز(عەقڵ)ی خوێنەردا دەکات و دەبێ خوێنەر بەدوای هەندێ سەرەداودا بگەڕێ بۆ ئەوەی ڕوی ڕاستی ئەم بابەتەی بۆ دەربکەوێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕە (٥٨)و گفتوگۆیەکەی نێوان فەرهاد و مورتەزا گوڵچین و فەرەحنازی خێزانی کە لە ماڵی ئەواندا پێکەوە باسی هۆکارەکانی هەڵاتن لە ئێران و پەناهەندە خوازی لە فەرەنسا کراوە، دەبینین فەرهاد ئاماژە بەوە دەکات کە فەرەحناز لەترسی محەمەدی حاجی زادە نەیوێراوە بڵێ ئێمە لە دەست ئاخوندو عەمامە بەسەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕامان کردوەتە ئەوروپا. ئەگەر ئەمە والێک بدەینەوە کە فەرەحناز لەوە ترساوە محەمەدی حاجی زادە پیاوی دەسەڵاتی ئێران بێ و ئەوان بۆ سیخوڕی ناردویانە بۆ فەرەنسا، ئەوا ئەمە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئەو مەلایە پلانی بۆ چۆنیەتی گرتنی مسیۆلوسیانا لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی نوسەری ڕۆمانەکە لێرەدا هیچ لێدوانێکی لەو بارەیەوە نەداوە، بۆیە ئەم ئەگەرە پشتی پێ نابەسترێت و شتێکی لەسەر بنیات نانرێت. ئەگەر قسەکانی مسیۆلوسیانا بکەینە بەڵگە کە گوایە بەخۆی لە فڕۆکە خانەی شارل دیگۆڵەوە، بە تەلەفۆن بە فەرهادی گوتوە وەک لە لاپەڕە(٢٠٢)دا هاتوە: ((محەمەدی حاجی زادە پەساپۆرت و ناسنامە و هەندێکی تریش لە بەڵگەنامەکانی مسیۆلوسیانا - بۆ حاڵەتی پێویستی ئاسایش - لە مسیۆلوسیانا وەرکرتبو، بەرامبەر بەمەش

ڕەگەزنامە ئێرانی و پەساپۆرتە ئێرانی و هەندێکی تریش لە بەڵگەنامە ئێرانییەکانی دیکەی خۆی - بۆ حاڵەتی پێویستی ئاسایش لە ئێران - دابوە دەست مسیۆلوسیانا؛ هەرخۆیشی تا فرۆکەخانەی شارل دیگۆل لەگەڵی چوبو و بەڕێی کردبو بەرەو تاران)). پاشان بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕە (١٩٢) و لاپەڕە (١٩٣) کە محەمەدی حاجی زادە لە پۆسکارتی شەشەم بۆ فەرهادی نوسیوە بەتەمایە بگەڕێتەوە ئێران و لە پۆستکارتی حەوتەمدا کە دیسان بۆ فەرهادی ناردوەو پێی دەڵێ من لە فرۆکەخانەی شارڵ دیگۆڵەوە ئەم پۆستکارتەت بۆ دەنێرم و لەوانەیە ئەوکاتەی دەگاتە دەستت من لە تاران بم، چونکە دەمەوێ ناسنامەی خۆم بەدەست بهێنمەوە کە لەدوری وڵاتدا مرۆڤ هیچ ناسنامەیەکی نییە. ئیتر خوێنەر لەگەڵ فەرهاددا زیاتر گومانی بۆ ئەوە دەچێت کە محەمەدی حاجی زادە دەستی لە بەگرتندانی مسیۆلوسیانادا هەبوەو لەوانەشە بەهۆی بەڵگە نامەکانی ئەوکارەکتەرەوە دەست بەسەر موڵک و سامانەکەیدا بگرێت. هەروەها فەرهاد لەلاپەڕە(٢٠٢) و (٢٠٤)دا ئەوە دوپات دەکاتەوە کە محەمەدی حاجی زادە بەدرۆ خۆی کردوە بە مسیۆلوسیاناو لە شوێنی ئەو لە هوتێل ئەوروپا دانیشتوەو (عەینەن ئیبلیسێک، بە فەرەنسییەکی پێرفێکت بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەکات). ئەمانە هەمویان دنەی خوێنەر دەدەن بۆ ئەوەی محەمەدی حاجی زادە بە تاوانبار بزانن لە حاڵەتی گرتنی لوسیانا لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە. بێجگە لەمەش دوا پەیوەندیی تەلەفۆنیی (ئەرشەدی قازی)لەگەڵ فەرهاددا، کە هەر لەسەرەتای هاتنی محەمەدی حاجی زادەوە بۆ پاریس هەمیشە دەیگوت ئەم مەلایە درۆ دەکات و پیاوی عەمامە بەسەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەوەندەی دیکە دو دڵی و ترس لای فەرهاد دروست دەکات سەبارەت بەوەی کە محەمەدی حاجی زادە پیاوی دەسەڵاتی ئێرانەو بۆ سیخوڕی ناردویانە بۆ پاریس. فەرهاد لە لاپەڕە (٢٠٠-٢٠١)دا لە بارەی ئەو دواتەلەفۆنەی ئەرشەدی قازییەوە دەڵێ: ((ئەمە جگە لەوەی کە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا جارێکیان ئەرشەدی قازی لە پاریسەوە تەلەفۆنێکی بۆکردم و سڵاوی هاوڕێ کوردە نیگارکێشەکانی پاریسی پێ ڕاگەیاندم و لە کۆتاییدا بە تانەو گازاندەوە گوتی:

. پێم نەدەگوتی کە مەلا جاسوسە!

ئەم قسەیەی دوجاران لەناو گوێچکەمدا دوپات کردەوە:

- پێم نەدەگوتی کە مەلا، عەمامە بەسەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئێرەیان ناردوە! تۆ باوەڕت پێ نەدەکردم...)).

ئەگەر بەگوێرەی ئەو دەقانەی لێرە خراونەتە ڕو تەماشای بنیاتی هونەریی ئەوکارەکتەرە بکەین، واتە محەمەدی حاجی زادە، بۆمان دەردەکەوێ کە چەند لەڕوی هونەرییەوە ئاڵۆزەو چۆن ڕەفتارو کردەوەکانی و هێزی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان ئاڵۆز کردوە، بەمەش ئاستی درامیی ڕۆمانەکەی گەیاندوەتە پلەیەکی باڵای چاوەڕوان نەکراو. فەرهادی نوسەری ئەم دەقە زۆربەی تواناکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی درامی بە ڕەفتارو کردارو بیرو بۆچونی ئەم کارەکتەرە بدات و قۆناغ بە قۆناغ گۆڕان بەسەر تێڕوانین و هەڵوێست و بیرو کردارەکانی ئەودا بهێنێ. هیچ کارەکتەرێکی ئەم ڕۆمانە هێندەی کەسایەتی محەمەدی حاجی زادە ئاڵۆز نییەو بەئاسانی ئەوان هاتونەتە ناو دەقەکەوەو بە ئاسانیش دەناسرێنەوەو گۆڕانی گەورە بەخۆیانەوە نابینن. ئەمەش گرنگترین خەسڵەتی کارەکتەرە لە ڕۆمانێکی درامیدا کەخۆی لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا لەڕێی ئەم جۆرە کارەکتەرەوە بەرجەستەکردوە.

گۆڕانەکانی کەسایەتیی محەمەدی حاجی زادەو ڕۆڵی لە دروست بونی فرە دەنگی لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، بەڵگەیەکی گرنگی بنیاتی درامیی گێڕانەوەیە لە دەقەکەدا.

نوسەری ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا بۆ ئەوەی زەمینە سازی بۆ ئەو فرە دەنگییە و گۆڕانی کەسایەتی محەمەدی حاجی زادە بکات، لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کارەکتەرە سێ ساڵ بو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد مافی

پەناهەندەیی لە فەرەنسا پێ بدرێ بۆ ئەوەی دور لە ترسی پۆلیس کارێکی دەست بکەوێت، کەچی وەک لە لاپەڕە (٥)دا فەرهادی کارەکتەر دەڵێ هەرکە پرسیارم لە محەمەدی حاجی زادە دەکرد دەربارەی ئەوەی مافی پەناهەندییەکەی بۆ دەرچو یان هێشتا دەرنەچوە، لەزاری ئەوەوە دەڵێ: بە نەخێر وڵامی دەدامەوەو هەمیشە دەیگوت ئاغای فەرهاد هەر ئیشێکت بۆم نەدۆزییەوە.

ئەم بێ ئیشییە وای لەو کارەکتەرە کردوە بێزارو بێ جێ و برسی بێت و لەناو چێشتخانەکاندا قاب و قاجاخ بشوات و پاشماوەی بن دەستی ئەم و ئەو بخوات.

لەکاتێکدا ئەو کارەکتەرە لە ئێران نەک تەنیا مەلای مزگەوتی زەینەبە بوە، بەڵکو وەک مورتەزای گوڵچین لە لاپەڕە (٦٤)دا بۆ فەرهاد باس دەکات:

((- نەخێر ئیتر، محەمەدی حاجی زادە، نەک هەر لە فیقهی ئیسلامی، بەڵکو لە شەریعەتیشدا شارەزاییەکی باشی هەیە. لە حەوزەی عیلمیی تاران وانەی (ئوسوڵی عەقیدە)ی دەگوتەوە)).

ئەو مەلایە لەبەر جیاوازیی بیرو بۆچونەکانی لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خەلعی لیباس کراوەو لە ترسی گرتن بەرەو تورکیاو پاشان ئەوروپا هەڵدێ و لە پاریس جێگیر دەبێ. دەربارەی بابەتی خەلعی لیباسەکەیەوە، چەندین بۆچونی جیاواز دەربڕاوە. لە لاپەڕە(١٢)و(١٣)دا هاوڕێ نیگارکێشەکانی فەرهاد کە بەڕەسەن کوردن، بڕوا بەوە ناکەن کە محەمەدی حاجی زادە، کەسێکی لێقەماوە، بەڵکو بە سیخوڕی دەسەڵاتی ئێرانی دەزانن و داوا لە فەرهاد دەکەن خۆی لێ بپارێزێ و لێی دور بکەوێتەوە، چونکە دوای هاتنی بۆ پاریسیش و دوای ئەوەی کە گوایە بەناڕەوا لەکار لاخراوە لە ئێران، کەچی لە گفتوگۆیەکانیدا هێشتا ئەو دەسەڵاتە لە دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا بە باشتر دەزانێ. بگێڕەوەی درامی بەم جۆرە بۆچونی نیگارکێشەکان لەڕێی فەرهادی سەنتەری گۆشەنیگای گێڕانەوەوە دەخاتە ڕو، بێ ئەوەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە قسەکانیاندا بکات:

((- پشتیوان کەرکوکی دەیگوت:

- ئەو پیاوە، کەسێکی گومان لێکراوە، لێی دور بکەویتەوە باشترە.

هەژار، کوردی ماردین بو، دەیگوت:

- هاوتیپی تۆ نییە.. فەرهاد!

ئەرشەدی قازی، کوردی مهاباد، دەیگوت:

- جاسوسە.

کامیل، خەڵکی قامیشلی:

- عەمامە بەسەرەکان ناردویانە بۆ ئێرە.

عەلی هادی، کوردی فەیلی... هەمیشە گاڵتەی بە عەقڵم دەکردو پێ دەکەنی:

- ئاخر مەلا، کەی باشیان تێدا هەبوە؟

(کەچی فەرهاد گومانی لێ نەدەکردو لەپێش هاوڕێیەکانی داکۆکی لێ دەکرد) و دەیگوت:

- ئێمە هەمومان، نە وڵاتی خۆمان جێگەمان بۆ دەکاتەوە، نە وڵاتانی ڕۆژئاواش ئامادەن بەخێومان بکەن. لە کۆتاییدا ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، هەر یەکەمان بە شێوەی تایبەتی خۆمان هەتیوین)).

شیکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە، دەمانخاتە بەردەم سێ بۆچونی جیاواز، یەکەمیان پەیوەندی بە بۆچونی محەمەدی حاجی زادەوە هەیە کە وەک فەرهاد لە لاپەڕە(١٢)دا ئاماژەی پێداوەو دەڵێ: ((سەیر لەمەدابو، محەمەدی حاجی زادە...

بەردەوامیش بەرگریی لە (سیستەمی کۆماری ئیسلامی) دەکرد لەناو سیستەماکانی دیکەی بەڕێوەبردنی جیهانی ئەمڕۆدا. دەیگوت سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە هەمو سیستەمێکی تری سیاسی، بۆ ئێمەی موسڵمان، گونجاوترە)). دوەمیان پەیوەندیی بە کۆی بۆچونی هاوڕێ نیگارکێشەکانی فەرهادەوە هەیە کە دەیانگوت ئەم مەلایە سیخوڕی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، سێیەمیان بۆچونی فەرهادە، کە لە لاپەڕە (١٣)دا خراوەتەڕو، و بڕوای وایە کە محەمەدی حاجی زادە پیاوێکی ڕاستگۆیەو داکۆکی لە بیروبۆچونەکانی خۆی دەکات و ئەوەش ناشارێتەوە، بۆیە ناکرێت بەم هۆیەوە تاوانی سیخوری بدرێتە پاڵی.

بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی درامیدا، جیاوازە لە ڕۆمانی نەریتی، لێرەدا تەکەز(تەرکیز) زیاتر دەخرێتە سەر کارەکتەرو ڕوداوەکان، ئەم تەکەز خستنەسەرە وا دەکات ڕوداوەکان لەدەوری کارەکتەر، بەتایبەتی کارەکتەری سەرەکی چڕ ببنەوە، ئەم چڕبونەوەیە هێزی ڕوداوەکان پیشان دەدات و لەڕێی کردارەوە خەسڵەتی هزری و هەڵوێستی کارەکتەرەکان وێنە دەکێشێت.

دەتوانین فەرهاد بە نمونەیەکی کارەکتەری پیشاندەرەوە دابنێین، چونکە لە ڕێی ئەوەوە زۆر لایەنی ژیانی کولەمەرگیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، لە ناوەوەی وڵات و لە ئاوارەییشدا پیشان دەدرێت. تۆدۆرۆڤ لە پەرتوکی (شیعرییەت)دا دەڵێت: ((هێنری جێمس ئەوکارەکتەرانەی پەی پێ براو، و پەی پێ بەرن ناو لێ دەنێت ئاوێنە پیشاندەرەوەکان. ئەگەر کارەکتەرەکانی دی، یەکەم و پێش هەموشتێک وێنەیەکی پیشاندراوبن لەڕێی ئاگاییەکی دیاریکراوەوە، ئەوا ئاوێنە پیشاندەرەکان خودی ئەم ئاگاییەن. ئێمە لە (گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەست چو)دا بۆ نمونە لەڕێی کردارەکانی(مارسیل)ەوە تەواوی هەواڵەکانی ئەومان دەستناکەوێت، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە کە ئەو پەی بە کردارەکانی ئەوانی تر دەبات وهەڵیاندەسەنگێنێ))(طودوروف،١٩٩٠: ٥٢) .بەپێی ئەم بۆچونە فەرهاد سەنتەری ئاگاییەکەیەو ئەو ئاوێنەیە، کە وێنەی کارەکتەرەکانی دی پیشان دەداتەوە. ئێمە لەڕێی فەرهادەوە، هەروها لە ڕوانگەی ئەوەوە خودی خۆی و ئەوانی دیکە دەناسین ودەزانین بۆ لە وڵات هەڵاتون و چۆن لەپاریس ژیاون. کەواتە بەبێ فەرهاد زانیاریی تەواومان لەسەر کارەکتەرەکانی دیکە نابێت.

دیمەنێکی دیکەی فرە دەنگیی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، هەر پەیوەندی بە مەلا محەمەدی حاجی زادەوە هەیە، کە ئەویش بابەتی پەیوەندیی نیوان ئەو هومەیلایە. ئەم ئافرەتە ئازەرییە، سەر بە ڕەوتی چەپی ئێرانە، لەگەڵ کۆمەڵێ کەسدا، لەوانەش محەمەدی حاجی زادە لە ئێرانەوە هەڵدێن بەرەو تورکیا. لەڕێ ئەم دو کارەکتەرە ڕێک دەکەون و دەڵێن ئێمە هاوسەرین بۆ ئەوەی لەلایەن یوئێنەوە ئاسان کاریان بۆ بکرێ و زو کاری پەناهەندەییان بۆ ڕێک بخەن، قاچاخ چییە کوردەکان بە نیو سەعات لە شاری شەمزینان گرێبەستێکی ساختەی هاوسەرییان بە پارە بۆ دروست دەکەن. لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەر لەو شارە ڕەوانەی پەناگەیەکیان دەکەن بۆ ئەوەی دواتر ڕەوانەی ئەو وڵاتانە بکرێن کە مافی پەناهەندەییان پێ دەدات. لەوێ ماوەی حەوت مانگ لە ژورێک پێکەوە دەبن و دواتر هومەیلا سکی پڕ دەبێت و بەو دۆخەوە تاقەتی چاوەڕوانیی نامێنێ و بڕیار دەدات بگەڕێتەوە تاران و لەوێ کچێکی دەبێت ناوی لێ دەنێن شەمزین. ئەم هەواڵەش بەنامە لەلایەن هومەیلاوە بە محەمەدی حاجی زادە دەگات. هەمو ئەو بابەتەش لە لاپەڕە(١٤ـ ٢١) لە لایەن محەمەدی حاجی زادەوە بۆ فەرهاد باسکراوە. کەچی لە لاپەڕە (١٤)دا تەواوی بابەتەکە بەپێچەوانەوە لەزاری ئەرشەدی قازی لە ڕێستۆرانتەکەی مونتماخت بۆ فەرهادو نیگارکێشە کوردەکانی ئەوێ باسکراوە و ئەو کارەکتەرە دەڵێ:

((ئاغای حاجی زادە لەسەر جیاوازیی بیروڕاکانی، خەلعی لیباس نەکراوە.

ـ نەمگوت!

ـ ئەی؟
ـ گوتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بەد ڕەوشتی خەلعی لیباسی کردوە.
ـ واتە چۆن؟
-ئافرەتێکی کۆمۆنیستی ئازەریی کردوەتە ژن و ڕای کردوە بۆ ئەوروپا، چونکە نەیویستوە مارەی بکا...)).
ژیانی بێکاری و بێ درامەتی، بە سەختی کاردەکەنە سەر ژیانی محەمەدی حاجی زادەو لەبنڕا لەڕوی هزری و بڕواو ڕەفتارەوە دەیگۆڕن. گرنگترین گۆڕانیش کە هەرگیز لەگەڵ بڕواو ئاینی ئەودا ناگونجێت ئەوەیە کە دەبێتە کەسێکی هاوڕەگەزباز. ئەم هەواڵەش لە قاوەخانەکەی مۆنتماخت لەلایەن ئەرشەدی قازییەوە لە لاپەڕە(١٠٣ـ ١٠٤)دا ڕایدەگەیەنرێت و گوایە ئەویش لەڕێی هاوڕێییەکی ئێرانی خۆیەوە ئەو هەواڵەی زانیوە کە خویشی هۆمۆسێکسوێلە، و ماڵیان لە گەڕەکی ئەرژەنتۆیە و دراوسێی ماڵی ئەو پیرەمێردە فەرەنسییەیە کە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە هەیەو بۆ هەرجارێک ئەو مەلایە سێسکی لەگەڵ بکات، ئەو پیرەمێردە کە ناوی(دونی)یە سەدو پەنجا فەرەنکی پێ دەدات. ئەم هەواڵەش دەبێتە هۆکاری دەمەتەقێیەکی زۆر لە نێوان نیگارکێشەکاندا، و لای هەندێکیان وەک ئەرشەدی قازی دەبێتە مایەی پێکەنین و گاڵتە پێکردن، کەچی هەندێکیان بە پێچەوانەوە بەزەییان بەو کارەکتەرە داماوەدا دێت کە برسێتی و بێکاری و بێ جێی ناچاری کردوە ئەم ڕێگەیە پەسند بکات. سەبارەت بەو بابەتە فەرهاد لە لاپەڕە(١٠٥ـ١٠٦)دا دەڵێ:
((نیگارکێشە هاوڕێکانم، هەریەکەیان قسەیەکیان دەکردو حاڵەتەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز لێک دەدایەوە.
کامیل دەیگوت:
-ئێ کاکە، مەلای بەستەزمان سێ ساڵ زیاترە لەم پاریسە، بەبێ ژن و ماڵ دەسوڕێتەوە، بەبێ ئەوەی تاکو ئێستا دەستیشی بەرهیچ ژنێک کەوتبێ. ئەدی چ بکا!
عەلی هادی دەیگوت:
-پیاو بەبێ ژن لەم پاریسە پێ دەرپێیەدا یان ئەوەتا شێت دەبێ، یانیش ئەمەتا ناچار دەبێ سواری قوندەرەکانیان بێ.
پشتیوان دەیگوت:
ـ بەستەزمانە، مرد هێندەی هەر وەکو سەگ تەنیا پاشماوەی ناو چێشتخانەکان بخوا.!
ئەرشەدی قازی دەیگوت:
ـ مەلا نانی کەوتوەتە ناو ڕۆنەوە.
بەڵام هەژار دەیگوت:
ئەم قسەیە ئەگەر ڕاستیش بێ باوەڕ ناکەم مەلا لەتاو گەڵ و گونی خۆی ڕوی کردبێتە ئەم بەزمە.((لە لاپەڕە(١٠٨)دا، فەرهاد لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی پشتیوان و هەروەها ئاگاداریی خۆی سەبارەت بە سەختی دۆخی بژێویی و بێ ماڵیی محەمەدی حاجی زادە دەڵێ: ((ئەم قسانەی کە پشتیوان بە ئەرشەدی گوت زۆر ڕاست بو: محەمەدی حاجی زادە جاران، واتە سێ چوار ساڵێک پێشتر، پیاوێکی زۆر داخراو، پابەندی نەریت و دین و ڕەوشتی گشتی، بەڵام وردە وردە ـ منیش هەستم پێی دەکرد ـ باری قورسی ژیانی پەنا هەندەیی و تەنیایی و دەسکورتی، ئینجاش نەبونی ناسنامە و وەرنەگرتنی ئیقامە، ئەوی توشی پاشا گەردانییەکی ڕۆحیی زۆر گەورە کردبو... ڕەفتارو بیرکردنەوەی ئەوی لە زۆر ڕوەوە گۆڕیبو)).
لەپاڵ ئەو بۆچونە جیاوازانەدا، خودی محەمەدی حاجی زادە، ئەو کردارە سێکسییەی بەلاوە ئاسایی بو پاکانەی بۆ دەهێنایەوەو و لە لاپەڕە(١١٢)دا فەرهاد لە زاری ئەوەوە دەڵێ: ((لەتاو بێ پارەیی و نالەباریی ژیانی خۆی، محەمەدی حاجی زادە پێی وابو کە (ئەم کردارەی گوناح نییە، چونکە لەسەر داخوازیی پیاوە هۆمۆسێکسۆێلە فەرەنسییەکە خۆیەتی،

ناشبێتە هۆی چەوسانەوەی هیچ مەخلوقاتێک)). لە باسی بابەتی ئەم هاوڕەگەزبازییەی محەمەدی حاجی زادەدا، نوسەری ڕۆمانەکە، واتە (فەرهاد پیربال) دەقئاوێزانی لەگەڵ ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکور)ی (طیب صالح)ی سودانیدا کردوە. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە هەوڵ دەدات لەڕێی سێکس کردن لەگەڵ زۆرترین ژمارەی ژنانی ئەوروپادا، تۆڵەی دەیان ساڵی ستەمی ئەوروپا بکاتەوە کە لە گەلانی ئەفریقیان کردوە. هەمان ئەم بۆچونەش لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، کراوەتە بەهانە بۆ کرداری سێکس کردنی محەمەدی حاجی زادە لەگەڵ ئەو پیرەمێردە فەرەنسییەو لە لاپەڕە(١١٥-١١٦)دا لە وەڵامی ئەوەی محەمەدی حاجی زادە دەڵێ ئەوروپییەکان خۆیان لە ئێمە زۆر بڵندتر دەزانن و زۆر بەنزمی لە ئێمە دەڕوانن، فەرهاد دەڵێت:

((من وەڵامیم نەدایەوە، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم: (ئەم کارەی تۆ جۆرێکە لە تۆڵە سەندنەوە)... زەردە خەنەیەک کەوتە سەرلێوم ... بەڵام محەمەدی حاجی زادە ئەگەر لێمی پرسیبا بۆچی ئەو زەردە خەنەیەم بۆی کرد، ئەوا ڕاست و دروست پێم دەگوت:

(فەرەنسا چونکە ئیقامەو مافی پەناهەندەیی نەداوە بەتۆ، تۆش لە ڕقی ئەمە دەچیت تۆڵەی خۆت لە پیرەمێردەکانیان دەکەیتەوە).

باوەڕناکەم ئەگەر ئاوهام پێ گوتبا، توڕە بوایە. من ئەم قسەیەم بە محەمەدی حاجی زادە نەگوت، بەڵام ئەم لە ناکاو، کە من هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد. بە ئاوازێکی پڕ لە ڕقەوە، کە من یەکەم جاربو ئەوەم تێیدا بەدی کرد، گوتی:

- ئایەتوڵلاو عەمامە بەسەرەکانی ئێران بە سیاسەت و چەک شەڕ لە دژی ڕۆژئاوا دەکەن.. منیش بە زەکەرم)). ئەم بۆچونانەی فەرهادو محەمەدی حاجی زادە، تەواو دوپات کردنەوەی هەمان بۆچونەکەی (مصطفی سعید)ی کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆمانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان بەناوەکەی کردوە. جیاوازی نێوانیشیان تەنیا ئەوەیە مستەفا سەعید بۆ خوێندن چوەتە ئەوروپا، بەڵام محەمەدی حاجی زادە لەوڵاتی خۆی هەڵاتوەو بۆ بەدەستهێنانی پەناگەیەکی ئارام ترو لەبارتر ڕوی لە فەرەنسا کردوە.

گۆڕانی کارەکتەر لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، تەنیا کارەکتەرێکی سەرەکی وەک محەمەدی حاجی زادەی نەگرتوەتەوە، بەڵکو لەژێر فشاری ژیان و نەتوانینی بەردەوامیی ژیان لە وڵاتێکی وەک فەرەنساو دەست گرتن بەکەلتورو بیرو باوەڕی ڕۆژهەلاتیيانەوە، هەندێ کارەکتەری لاوەکیش دەگرێتەوە وەک مورتەزا گوڵچین و فەرەحنازی هاوسەری. ئەمانیش وەک محەمەدی حاجی زادە، لە سەرەتای هاتنیان بۆ فەرەنساو نیشتەجێبونیان لەپاریس پاش ئەوەی مافی پەنابەرییان دەدرێتێ، دەیانەوێ لەسەر بیرو باوەڕی ڕۆژهەڵاتییانەی ئێرانییانەی خۆیان درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام دوایی ئەمانیش دەگۆڕێن و تەنانەت لەیەکیش جیا دەبنەوە. مورتەزا دەچێتە ئەمریکاو لە سانفرانسیسکۆ جێگیر دەبێت کە ماڵی ساقی گوڵچینی خوشکیشی هەر لەو شوێنەیە. تەواوی ئەم بابەتەش لە لاپەڕە(١٥٨)دا باسکراوە.

### تەوەری سێیەم: بنیاتی ڕوداو

ڕوداو توخمێکی گرنگی گێڕانەوەیە، ناکرێت لە باسی شێوازی گێڕانەوەدا پشت گوێ بخرێت. هەروەها ناکرێت لە باسی پەیوەندیی ڕوداو لەگەڵ کارەکتەرو شوێن و پلۆتدا، بایەخ بە جۆرەکانی ڕوداو بنیاتی هونەریی ڕوداو نەدرێت.

ئەرستۆ لە پەرتوکی (هونەری شیعر یان شیعریيەت)دا، باسی ڕوداوی لە شانۆ و داستاندا کردوە، زیاتر بایەخی بە ڕوداو لە شانۆی تراژیدیدا داوە. ئەمەش وایکردوە کۆمەڵێ بۆچونی هاوجۆر و دژ دەربارەی ڕۆڵ و پێکهاتە و گرنگیی ڕوداو بێنە ئاراوە. لە پێشەکی پەرتوکی (بەرەو ڕۆمانی نوێ)دا، (لویس عوض) دەربارەی کاریگەریی ڕوداو لە دەقی شانۆو داستان لەلای

ئەرستۆ دەڵێت: بۆچونەكانی مامۆستای یەكەم، ئەرستۆ تالیس، بوەتە هۆی ئەوەی لە سەدەی چوارەمی پێش زایینی، هەتا كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لەو چوارچێوەیەدا بجوڵێینەوە كە ئەو بۆ گرنگیی ڕوداو لە هونەری داستان و هونەری شانۆدا دایمەزراندوە، بەو واتایەی بونی بابەتی لە كردار یان لە ڕوداوەوە سەرچاوە دەگرێ و بێ ڕوداو، نەداستان و نە شانۆ، بونیان نامێنێ(بڕوانە: عوض، بدون سنة: ٩). ئەم بۆچونەی ئەرستۆ سەبارەت بە بایەخ و گرنگیی ڕوداو لە داستان و شانۆدا، لای هەندێ نوسەرو توێژەرو ڕەخنەگر، وەک بۆچونێكی ئایكۆنی لێهاتوەو وادەزانن ناكرێ لەو بۆچونە لابدرێ. هەر ئەمەشە وای كردوە بگوترێ: ڕوداو، بڕبڕەی پشتی هەمو توخمە هونەرییەكانی ڕۆمانە(كات، شوێن، كارەكتەر، زمان)(یوسف، ١٩٩٧: ٢٧). لەهەمان ڕوانگەی ئەرستۆییەوە، توێژەری كورد(میران جەلال)دەڵێ: ((ڕۆمان یەكێكە لە دەقە گێڕانەوە بەندەكان، واتە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە پەیامەكەی دەگەیەنێتە وەرگر، گێڕانەوەش پرۆسەیەكە بە پلەی یەكەم پشت بە ڕەگەزی ـ توخمی ـ ڕوداو دەبەستێت و ئەگەر ڕوداو نەما ـ ئەگەرچی هەمو ڕەگەزەكانی ـ توخمەكانی ـ تریش بونیان هەبێت ـ كردەی گێڕانەوە دەوەستێت...))(محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٥).

لە باسی پەیوەندی نێوان ڕوداو كارەكتەردا، هێنری جێمس وەک ڕۆماننوس و ڕەخنەگرێكی ناودیار ئاماژە بەوە دەكات كە ئەم دو توخمەی گێڕانەوە لێک جیانابنەوەو دەڵێت: ((ناتوانم وێنای باسێک بكەم دەربارەی ڕۆمانی كەسێتی وەک چۆن ناتوانم وێنای باسێک بكەم دەربارەی وێنەی كارەكتەر. كاتێک مرۆ دەڵێ وێنە، مەبەستی وێنەی كارەكتەرە، وكاتێک دەڵێ گێڕانەوە، مەبەستی گێڕانەوەی ڕوداوە، دەشتوانین هەردو دەربڕینەكە بگۆڕین ئەگەر ویستمان. كەواتە كارەكتەر چییە ئەگەر دیاریكردنی ڕوداو نەبێ، و ڕوداو چییە ئەگەر نواندنی كارەكتەر نەبێ؟ هەروەها هەریەک لە وێنە یان گێڕانەوە چین ئەگەر بۆ كارەكتەرەكان نەبێ؟...))(جیمس وآخرون، ١٩٧١: ٣٢-٣٣). كەچی تزڤیتان تۆدۆرۆڤ، لە لە پەرتوكی (شیعرییەتی پەخشان)دا، وتەیەكی (هێنری جێمس)ی لە پەرتوكی (هونەری ڕۆمان)ی ئەوەوە هێناوە، ئەوە دوپات دەكاتەوە كە كارەكتەر لە ڕوداو گرنگترە و دەڵێ: ((ڕاستە ئەم دو پێكهاتەیە پەیوەندییەكی بەهێزیان پێكەوە هەیە، بەڵام یەكێكیان لەوی دی گرنگترە، و مەبەستم: كارەكتەرەكانە))(تودوروف، ٢٠١١: ٣٥). هەمان نوسەر، واتە هێنری جێمس، لە وتارێک دەربارەی مۆپاسان، جەخت لەسەر گرنگیی هەردو توخم دەكاتەوەو كارەكتەر دەكاتە هاوسەنگی ڕوداو، بەگوێرەی ئەوەی كە پلۆت دەبێتە ئامرازی ناسینی كارەكتەر و نوسەرانی پەرتوكی(جیهانی ڕۆمان)، لەو پەرتوكەدا، دەقی ئەو بۆچونەیان تۆماركردوەو دەڵێن: ((لە وتارێكدا دەربارەی مۆپاسان، هێنری جێمس، تێبینیی ئەوەی كردوە كە بێ ڕوداو كارەكتەر بونی نییە، بەڵام ڕوداویش بەبێ پلۆت بونی نامێنێ كە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ناسینی كارەكتەر))(بورنوف&اوئیلیة ١٩٩١: ٣٩). بە بۆچونی ئێمە، ئەم دو توخمە و سەرجەم توخمە پێكهێنەرەكانی گێڕانەوەی ڕۆمان وەک یەک گرنگن و ناكرێت یەكێكیان لەوی دی زیاتر بایەخی پێ بدرێ، چونكە لە ئاستی نوسیندا، ڕۆمانەكە لەڕوی هونەرییەوە لاواز دەبێ و لە پرۆسەی ڕەخنەشدا، نابێ ئەم كارە ئەنجام بدرێ. ڕۆمان لەسەر بناخەیەكی هونەری دادەمەزرێ و ڕوداو كارەكتەر وەک شوێن و كات و زمان هەمان بایەخیان هەیە.

ڕوداو كارەكتەر یەكتر تەواو دەكەن و بەهەردوكیان دەبنە دو كۆڵەكەی بنەڕەتی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا. كارەكتەر ڕوداو دروست دەكات و ڕوداویش كاریگەریی لەسەر كارەكتەر دەبێت و بەهۆی ئەو كاریگەرییەوە كارەكتەر، هزرو كردارو هەڵوێستەكانی دەگۆڕێن .

لە پێناسەی گێڕانەوەدا، فۆرستەر ڕوداو دەكاتە بابەتی گێڕانەوەو دەڵێت: ((گێڕانەوە بریتییە لە چەند ڕوداوێک كە بە گوێرەی زنجیرەیەكی زەمەنی ڕێكخراون))(فورستر، ١٩٩٤: ٢٥). واتە گێڕانەوە بەبێ ڕوداو دروست نابێت. بەبڕوای ئێمەش ڕوداو نییە بكەری نەبێت، بە گوفتارو ڕەفتارو جوڵەی كارەكتەر، ململانێ دروست دەبێت و بەهۆی

ململانێیەشەوە، ڕوداو سەرهەڵدەدات و بە وەستانی کارەکتەر، جوڵەو کردار دەوەستێن و ڕوداو کۆتایی دێت، تا ئەو کاتەی دوبارە کارەکتەر دەکەوێتە جوڵەوەو بەمەش کردار بەرهەم دەهێنێ و بەهۆی کرداریشەوە، ڕوداو سەرهەڵدەدات. مەرجیش نییە ڕوداو بەگوێرەی یەک لەدوای یەک هاتنیان ڕێک بخرێن. واتە بەشێوەیەکی زنجیرەیی، ئەگەرچی ئەمە شێوازێکی باوە لە ڕۆمانی کلاسیکی کە بە ڕاناوی نادیارو بگێڕەوەی هەموشتزان پێشکەش دەکرێ. لە ڕۆمانی نوێدا لەڕێی پاش و پێشخستنی ڕوداوەکانەوە تێکشکانی زنجیرەیی زەمەنی ڕوداو پەیڕەو دەکرێ .

بەگشتی دو شێوازی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕوداو لە ڕۆماندا بەکارهاتوە کە ئەوانیش پیشاندان و گوتنن. ئەمانەش وەک (سعید یقطین) دەڵێ: هەردوکیان پێکەوە پەیوەندییان بە چیرۆک ـ بەسەرهات - و گوتارەوە هەیە. ئەم شێوەیە وەک لە گوتاری گێڕانەوەی هاوچەرخدا دەیانبینین، لە بنەچەدا بۆ مێژو، و دراما دەگەڕێنەوە. یەکەمیان، واتە مێژو، گێڕانەوەیەکی پەتییە، و نوسەر تەنیا شایەتە و ڕوداوەکان پێشکەش دەکات، و کەسەکان نادوێن... کەچی لە درامادا، ڕوداوەکانی چیرۆکەکە - بەسەرهاتەکە ـ ناگێڕدرێنەوە، بەڵکو لەبەرچاو ڕودەدەن، و گوتەی کارەکتەرەکان باڵادەستە(یقطین، ١٩٩٧: ١٧٢).

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕۆمان، ململانێیە، و هەر ئەمەش وادەکات ڕۆمانەکە سیفەتی درامی وەر بگرێ. لە پێناسەی ململانێدا گوتراوە: ((ململانێ گرنگترین پاژەی کارێکی درامییە، ناکۆکییەکی بینراوە لە نێوان دو هێزی دژبەیەکی هاوتاو لە ئەنجامی بەریەککەوتنیان کرداری درامی گەشە دەکات، و ڕوداو بەبێ ململانێ نە بەهای هەیەو نەبونی هەیە.. وەک ڕۆحە لە جەستەدا، ژیان و جوڵەو بونی دەداتێ، چونکە جوڵەیە نەک حیکایەتێک بۆ گێڕانەوە))(طریق&بوصبیع، ٢٠٢٠ـ ٢٠٢١: ٥٤).

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، ڕۆمانێکی درامییە، بۆیە دیالۆگ بەشی سەرەکی دەقەکە پێکدەهێنێ و کەمترین ڕوبەر بۆ گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا تەرخانکراوە. دیالۆگیش ((لەڕۆماندا، بەهەردو جۆرەکەیەوە، ناوەکی و دەرەکی، سیفەتی درامی بە بنیات دەدات. لەڕێی دیالۆگەوە، کارەکتەر، لەگەڵ خۆی یان لەگەڵ کارەکتەرەکانی تردا، جۆرە جیاوازەکانی ململانێ لە ڕوداوەکاندا دەردەکەون، و لەمەشدا زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ))(جراد، ٢٠١٣ـ ٢٠١٤: ٦٧).

یەکێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، ناوی مسیۆلوسیانایە، کوڕی مەدام گالاتی، خاوەنی ئەو هوتێلەیە کە ڕۆمانەکش هەربەو ناوەوە نوسراوە. ئەم بنەماڵەیە بەڕەسەن جولەکەی پورتوگاڵین، خاوەنی چەندین هوتێل و دەرمانخانەن. مسیۆ لوسیانا قوتابی دوکتۆرایە لە زانکۆی سۆربۆن. کەسێکی زۆر ڕۆشنبیرە و شارەزای مێژوی باپیرانی خۆیەتی .لە لاپەڕە (٨٦- ٩١)دا بەدرێژی باسی مێژوی بنەماڵەکەی خۆیان لەڕێی دیالۆگەوە بۆ فەرهاد دەکات. فەرهاد دەڵێ لەماوەی ساڵێکی دانیشتنمان لە هۆڵی پێشوازی هوتێلەکەدا، لە سەعات دەورو بەری نۆی شەو بەم لاوە دو فنجانی قاوەمان تێ دەکرد و بەدەم قسەکردنەوە دەمانخواردنەوە. لەو ساڵەدا مسیۆلوسیانا بەگفتوگۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم و بەتێری باسی ئەوە دەکات کە باپیرانی خەریکی بازرگانی بونە بەو کۆیلانەی لە ئەفریقیاوە دەیان کڕین و دەیان بردن بۆ ئاسیاو ئەوروپاو بە گرانتر دەیان فرۆشتنەوە. فەرهاد لە ژێر کاریگەریی ئەو هەمو زانیارییانەی مسیۆلوسیانادا، بەمۆنۆلۆگ سەرسامیی خویمان لەو بارەیەوە بۆ دەر دەبڕێ و لە لاپەڕە (٨٩)دا دەڵێ: ((من لەو کاتەدا زۆر سەرسام بوم بەرامبەر بەو هەمو زانیارییانەی کە مسیۆلوسیانا لەبارەی ڕەچەڵەکی خۆی دەیزانی، لە هەمان کاتیشدا لە خۆمم دەپرسی:

- باشە، ئەم پیاوە بۆچی لەم بابەتە مێژوییە کۆن و بەسەرچوانەی باوباپیرانی جولەکەی خۆی دەکۆڵێتەوە؟ ئەم جۆرە تۆژینەوە مێژوییانە چ سودیکیان بۆ خۆی یان بۆ قەومی جولەکە هەیە ئەمڕۆ؟

زۆربەی جاران لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەخۆمم دەگوت کە لەوانەیە ئەم گەڕان و تۆژینەوانە بەشێک بن لە ئەرکی زانستیی ئەم جۆرە پیاوە ئەکادیمیانە)).

لەو لاپەڕانەو ئەو مۆنۆلۆگانەدا، کە پێنج لاپەڕەی گرتوەتەوە، دەبینین چۆن دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکان، بونەتە بەشێک لە بنیاتی درامیی ڕۆمانەکەو زەمەنی ڕابردوی ڕوداوەکان و زەمەنی ئێستای دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکان وایانکردوە، ڕابردو، و ئێستای دەقەکە پێکەوە پەیوەستن بن بێ ئەوەی بگێڕەوە وەک هەموشتزانێک ئەرکی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ڕابردو لە ئەستۆ بگرێ. بگێڕەوە بە درێژایی ئەم چەند لاپەڕەیە خۆی نادیارکردوەو تەنانەت بە بۆچونێك خۆی نەخزاندوەتە نێوان فەرهاد و مسیۆلوسیانەوە. زەینی هەردو کارەکتەرەکە بەدو شێوەی جیاواز کاریان کردوە. زەینی مسیۆلوسیانا وەک تۆمارێکی مێژویی ڕوداوەکانی لە خۆگرتوەو کار دەکات بۆ گواستنەوەیان بۆ ئاستێکی دەنگی لەڕێی قسەکردنەوە، کەچی زەینی فەرهاد بوەتە ئاوێنەیەک و کاریگەریی ئەو ڕوداوانە بەبێ دەنگی لەڕێی سەرسوڕمانەوە پیشان دەداتەوەو پاشان خودی فەرهاد لەڕێی گفتوگۆوە بەدەنگ لەڕێی پرسیارو وڵامی پرسیارەکانەوە بەشداری لەو دیمەنەدا دەکات.

بەرجەستە بونی زەمەنی مێژویی بە وێنەی جیاواز لەدەقی ڕۆماندا دەردەکەوێ، و وەک ئامرازێک بۆ ڕەنگدانەوەی واقیعی دەرەکی لە دەقە وێناکراوەکەدا کار دەکات. ئەمەش ئەوەیە کە ڕۆڵان بارت ناوی لێناوە تەفرەدان لەڕێی دروستکردنی وەهمی ڕاستەقینەبونی ئەو ڕوداوانەوە(قاسم، ٢٠٠٤: ٧٢). یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی بنیاتی دیالۆگ لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، دیاردەی دانانی دیالۆگی کارەکتەرە لەناو دیالۆگی کارەکتەری تردا. لەڕێی ئەم جۆرە تێهەڵکێشەوە، خوێنەر گوێی لە دەنگی دو کارەکتەر دەبێت سەبارەت بەیەک ڕوداو یان دو ڕوداوی هاوشێوە، ئەگەرچی زەمەنی دیالۆگەکانیش جیاواز بن. بۆنمونە لە لاپەڕە (٨٧)دا مسیولوسیانا باسی (دێڤین شالن) باپیرە گەورەی بۆ فەرهاد دەکات و دەڵێ: ((یەکێک لە باپیرە گەورەکانی من، بەناوی (دێڤین شالۆن)، کە ئەویش قوڵەڕەشەکانی ئەفریقیای دەکڕی و دەفرۆشتەوە، لەو ساڵەدا ـ مەبەستی ساڵی ١٥٠٦، بڕوانە لاپەڕە ٨٦ -... خۆی وانیشان داوە کە ئەویش لە موریدەکانی فرانسوا گزاڤێی قەدیسە... بەگەڵی کەوتوە بۆ هیندستان. باوکم دەیگوت: ((پاشا پورتوکاڵییەکانی ئەو سەردەمە هەمویان زۆر ڕقیان لە جولەکە بوە، فرانسوا گزاڤێی قەدیس باش دەیزانی کە ئەو باپیرە گەورەیەی من جولەکەیە و بازرگانیشە، بەڵام چونکە فرانسوا گزاڤێ قەدیس بوە و هەمیشە بەزەیی بە جولەکەدا هاتوەتەوەو دەشیزانی پاشای پرتوگاڵ ڕۆژێک هەر دادێ ئەو باپیرەیەی من شار بەدەر بکا، بۆیە لەگەڵ شاندەکەی خۆی بردویەتی بۆ هیندستان)).

لەبەر ئەوەی ناکرێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هیچ ڕۆمانێک بە یەک ڕاناو بگێڕدرێتەوە، چونکە ئەگەر کارەکتەرێک بەو ڕاناوە باسی خۆی بکات، حۆدەبێ بەڕاناوی ئەو باسی کارەکتەرێکی دیکە بکات، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، نابێت بگێڕەوە لە شێوازی گێڕانەوەی هەمانشتزاندا، لەسنوری هاوئاستی زانیاریی نێوان کارەکتەر بگێڕەوە دەربچێت. لەبەر ئەوەش نوسەری ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، تا توانیوەتی، هەوڵیداوە ئەو سنورە نەبەزێنێ، و بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی ڕوداوەکانەوە پشتی بە خودی کارەکتەرەکان بەستوە. بۆ ئەمەش وەک لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەشدا بەرچاو دەکەوێ، کاتێ ویستویەتی لەڕێی کارەکتەرێکەوە زانیاری بۆ کارەکتەرێکی دیکە بگوازێتەوە، ڕاناوی نادیاری(ئەو) ی بەکاهێناوە بێ ئەوەی خۆی بکاتە ئامرازی ئەو گەیاندنە. بۆ نمونە کاتێک لوسیانا باسی زوڵم و ستەمی پاشاکانی پورتوگاڵ دەکات دەرهەق بە جولەکەکان لە سەدەکانی ڕابردودا و بەراوردی ئەو دۆخە لەگەڵ ئەو ستەمەی دەسەڵاتدارانی تورکیاو ئێران و سوریا بەرانبەر کوردی ئەمڕۆ دەیکەن، لەلاپەڕە (٨٢ -٨٣)دا بگێڕەوە، فەرهاد، دەکاتە ئامرازی گەیاندنی ئەو زانیارییانەی کە لوسیانا بۆ ئەوی باس کردوەو لە زاری فەرهادەوە بە بەکارهێنانی ڕاناوی نادیار بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((لوسیانا دەیگوت کە جولەکەکانی پورتوگاڵ، بە درێژایی سەدەکانی ڕابردو وەک میللەتی کوردی ئەمڕۆ لە تورکیاو

ئێران و سوریا.. مافی هاوڵاتیبون و ڕەگەزنامەیان هەرگیز پێ نەدراوەو نەیانتوانیوە مومارەسەی دین و کولتوری نەتەوەیی خۆیان بکەن، بۆیە بەرێژایی سەدەکانی ڕابردو جولەکەکانی پورتوگاڵ لە دەست زوڵمی پاشا یەک بەدوای یەکەکانی پورتوگاڵ هەمیشە ڕایان کردوەتە وڵاتەکانی دەورو بەر)).

کاتێ لوسیانا لە لاپەڕە (٨٣)دا باسی ئەو ساڵە دەکات کە مانوێلی یەکەم، پاشای ئەوسای پورتوگاڵ لە دیسەمبەری (١٤٩٦) بڕیار دەدات هەمو جولەکەکان لە پورتوگاڵ دەربکرێن، فەرهاد بە فلاشباک لە لاپەڕە(٨٤)دا، زەینی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و ئەو قسانەی دایکی بیر دەکەوێتەوە کە باسی ڕوداوی ساڵی (١٩٥١) دەکات و لە سەردەمی نوری سەعیددا بڕیار دراوە جولەکەکان لە عێراق دەربکرێن و لە شاری هەولێر ماڵ و حاڵیان هەڕاج کرد بۆ ئەوەی هەندێ پارەیان پێ بێت و لەڕێگەی چونیان بۆ ئیسرائیل خۆراک و پێداویستیی خۆیانی پێ بکڕن و بەرگەی ئەو ڕێگە دورە بگرن تا دەگەنە جێی مەبەست.

گێڕانەوەی درامی، ڕێ لەوە دەگرێت بە ئاشکرا بگێڕەوە دەربکەوێ، ڕێ خۆش دەکات وەک ئەکتەرەکانی سەرشانۆ، کارەکتەرەکان بۆ خۆیان بدوێن، دور لە سێبەرو سایەی بگێڕەوە. ئەوەی لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ڕۆماننوس فەرهاد پیرباڵ بەو پەڕی ئاگاییەوە سەودای لەگەڵ ئەم شێوازەدا کردوەو لە زۆربەی دەقەکەدا، بگێڕەوە کشاوەتە دواوەو کارەکتەرەکان بە خۆیان باسی ڕوداوەکانی ژیانیان دەکەن و بە دەگمەن نەبێت خوێنەر هەست بە بونی بگێڕەوە ناکات. ئەم فلاشباکەی فەرهادی کارەکتەر دەکەینە دوا نمونەی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ژیانی ئەو کارەکتەرە، کە لێرەدا زەینی بوەتە شانۆی ئەو ڕوداوانەو بۆ ڕابردو گەڕاوەتەوەو بەبێ ئاخاوتن و لەناوەوە بەکورتی باسی ئەو ساڵە دەکات کە لە عێراق هەڵاتوە، تادەگاتە فەرەنسا و لە پاریس جێگیر دەبێ. لێرەشدا یاگەی (ذاکرة) لوسیانا وەک تۆمارێکی ئەو بەسەرهاتە کە پێشتر فەرهاد بۆ ئەوی گێڕاوەتەوە، ڕۆڵی هەیە لە دوبارە گێڕانەوەی هەمان ئەو ڕوداوانە، بەڵام تەنیا لەڕێی زەینی خودی فەرهادی کارەکتەری سەنتەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە کە لە لاپەڕە(٧٧. ٧٨)دا، دەقی فلاشباگەکە بەم جۆرە پیشان دراوە: ((تێبینم کردبو، ئەو قسانەی لەبارەی خۆمەوە دەمکردن هەمیشە لە یادەوەریی مسیۆلوسیاندا دەمانەوە، چونکە پێشتر بە فراوانی بۆم گێڕابوەوە کە من چۆن لە ساڵی(١٩٨١)دا، واتە لە دەستپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا، لە دەست سەربازی ڕام کردبوە ئێران و بۆماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدان ذوب اهن) لە شاری (کەرەج) مابومەوە؛ چۆنیش پاشان لەوێوە بەڕێگای سوریاوە چوبومە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا؛ چۆنیش لەوێوە ـ دوای ساڵێکی ڕەبەق چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی -بە قاچاغ سنوری ئەڵمانیام بڕیبو و خۆم گەیاندبوە فەرەنسا)).

**ئەنجام:**

١. ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، دەقێکی درامییەو بەشێکی زۆری لە دیالۆگ پێکهاتوە و کەمترین ڕوبەری بۆ گێڕانەوەی پەتی تەرخانکراوە. ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی شێوازی گێڕانەوەی درامی کە زۆر لە شانۆی نزیک دەکاتەوە.

٢. نوسەری ئەم ڕۆمانە هەوڵیداوە تاپێی بکرێ، بگێڕەوەکەی نادیار بکات و ڕێی پێ نەدات دەست بخاتە نێو ڕوداوەکانەوە، لەبەر ئەوە لەم ڕۆمانەدا، بگێڕەوە هیچ تەعلیق و لێدوانێکی لەسەر ڕوداوەکان و چارەنوسی کارەکتەرەکان نەداوە.

٣. ئەم ڕۆمانە بە شێوازی بگێڕەوەی هەمانشتزان نوسراوەو کارەکتەرەکان، سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی بگێڕەوەکەن، کە ئەوان دەرنەکەون، یان بزر بن، بگێڕەوە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەوانەوە دەست ناکەوێ.

٤. بگێڕەوە، ڕاناوی قسەکەر و ڕاناوی نادیاری لە گێڕانەوەدا بەکارهێناوە، بەڵام نوسەر ڕێی نەداوە ئەو ڕاناوی نادیارە بۆ ڕاناوی نادیاری بگێڕەوەی هەموشتزان بگۆڕێت و تەنیا لە سنوری بگێڕەوەی هەمانشتزاندا ماوەتەوە.

٥. فەرهاد لەم دەقەدا، سەنتەری پەی بردنی بگێڕەوەیە و لە ڕێی ئەوەوە زانیاری لەسەر سەرجەم کارەکتەرو ڕوداوەکان پێشکەش دەکات و بەبێ حزوری ئەو هیچ زانیارییەک لەسەر کارەکتەرەکان نادات بە دەستەوە.

٦. لێکچونی ناوی کارەکتەری سەنتەری گێڕانەوە لەگەڵ ناوی نوسەری ڕۆمانەکەدا، مانای ئەوە نییە کە نوسەر دەقاودەق لەم ڕۆمانەدا ژیانی سەردەمی ئاوارەیی و پەناهەندەیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە لەم ڕۆمانەدا خاڵی هاوبەش لە نێوان فەرهادی کارەکتەرو فەرهادی نوسەردا هەیە. گواستنەوەی هەندێ ڕوداوی ڕاستەقینە بۆناو ئەم ڕۆمانە وەک نوسەر لە لاپەڕە (٢٥٨) بەڕێکەوتی (٢٠١٠/٣/٧) بۆ خوێنەری ڕۆمانەکەی ئاشکرا کردوە، بەبڕوای ئێمە تەنیا هەوڵێکە بۆ فریودانی خوێنەر و دروستکردنی وەهمی واقیعییەتی سەرجەم ڕوداوەکان و لە ڕەخنەی بنیاتگەریدا پشتی پێ نابەسترێت.

٧. کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، وەک ئەوەی ئەکتەر بن و لەسەر تەختەی شانۆ ڕۆڵ بگێڕن، بەو جۆرە دەدوێن و ڕەفتار دەکەن و دەجوڵێنەوەو باسی خۆیان دەکەن دور لە سێبەر و سایەی بگێڕەوە، لەگەڵ هەوڵی نوسەر بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ڕۆمانەکەی لە دەقی شانۆیی کە بۆ نواندن ئامادەدەکرێ.

٨. لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان ململانێ دەکەن و ڕوداو دروست دەکەن و لە هەمان کاتدا ڕوداوەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی هزرو هەڵوێستەکانی ئەوان هەیە.

٩. مۆنۆلۆگ و فلاشباگەکانی ئەم ڕۆمانە ڕۆڵیان هەبوە لەوەی زەینی کارەکتەرەکان ببێتە شانۆی ڕوداوەکانی ڕابردو، و ئێستای ئەوان و بەمەش بەشدارییان هەبوە لە بەهێزکردنی ئاستی درامیی گێڕانەوەکەدا.

١٠. لەناوکارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەدا، بنیاتی کەسایەتی محەمەدی حاجی زادە، هونەری تر و سەرکەوتو ترە لەوانی دی، لەبەر ئەمەش لە هەمویان لەڕوی بنیاتەوە ئاڵۆزتر دەردەکەوێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانە ڕیشەییە دەگەڕێتەوە کە بەسەر ئەودا هاتوەو تەواوی هزرو بڕواو هەڵوێستەکانی بە ئاقارێکدا بردوە کە خوێنەر بە ئاسانی پێشبینیی ناکات.

# Dramatic Narration in Hotel Europe Novel

**Najim Khalid Najmadeen**

Department of Kurdish Language, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Novel is one of the narrative literary genres that are most open to other literary and artistic ones. So, we see that there is a strong interaction between the novel and the play, because they are two narrative literary genres that are united by common elements such as (dialogue, event, movement, and conflict).

Nevertheless, the novel has maintained its limits. It did not, with all its characteristics, turn into a theatrical text intended for performance. That is, it kept for itself distinct characteristics that express its identity, which separates it from the full dramatic text.

Henry James was under the strong influence of the theatre, so he called the writers of the novel to dramatize their novels by ridding them of the dominance of the knowledgeable narrator, and heading towards the hidden narrator. They express themselves far from his presence.

According to this vision, our understanding and reading of the novel (Hotel Europe) by the Kurdish novelist, Farhad Pirbal, as well as according to the mechanisms of the dramatic novel, we find this novel to be a dramatic novel, with all its elements and its narration structure having all the elements of that novel, and that its writer has consciously treated it to be a fictional text.

Dramatically, not only in its artistic elements (the narrator, the character, and the event) that we made as material for our research, the novelist has also transformed, consciously, the mentality of some of its characters, especially: the character of the focal point into a theater for the events of the past and the present through flashback and monologue techniques.

**Keywords**: Dramatic novel, Narrator dramatic, Conflict, Dramatic character, Dialogue

## سەرچاوەکان:

ئەفلاتون(٢٠١٥) کۆمار، وەرگێڕانی: د.محەمەد کەمال، ناوەندی غەلنوس بۆ چاپ و بڵاکردنەوە، چ١، چاپی تاران.
پیربال، فەرهاد(٢٠٢٠) هوتێل ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کولتور، ژمارە(٢١)، چاپی تاران.
محەمەد، میران جلال(٢٠٠٩) بنیاتی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
الكردي، عبدالرحيم(٢٠٠٦) الراوي والنص القصصي، منشورات مكتبة الآداب، ط١، القاهرة.
بورنوف، رولان&اوئيلية، ريال (١٩٩١)، عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
بارت، رولان(١٩٩٢) التحليل البنيوي للسرد، ترجمة: حسن بحراوي وآخرون، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الادبي، جمع و مشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات إتحاد كتاب المغرب، ط١، الرباط.
بوتور، ميشال(١٩٨٢) بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط٢، بيروت.
بوث، وين(١٩٩٤) بلاغة الفن القصصي، ترجمة: أ. د. احمد خليل عردات و د. علي بن أحمد الغامدي، مطابع جامعة الملك سعود، ط٢، المملكة العربية السعودية، كلية الآداب، مركز البحوث.
تودوروف، تزفيطان(١٩٩٢) مقولات السرد الادبي، ترجمة: الحسين سحبان و فؤاد صفا، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الادبي، جمع و مشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات إتحاد كتاب العرب المغرب، ط١، الرباط.
تودوروف، تزفيتان(١٩٩٦) الادب والدلالة، ترجمة: محمد نديم خشفة، مركز الانماء الحضاري، حلب.
تودوروف، تزفيتان(٢٠١١) شعرية النثر، ترجمة: عدنان محمود محمد، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.
جرييه، آلان روب(بدون سنة)نحو رواية جديدة، ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف، مصر.
جنيت، جيرار(١٩٩٢) حدود السرد، ترجمة: بنعيسى بوحمالة، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الادبي، جمع ومشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات أتحاد كتاب المغرب، ط١، الرباط.
حميد، باسم صالح(٢٠١٢) الرواية الدرامية، دراسة في تجليات الرواية العربية الحديثة، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
طودوروف، تزفيطان(١٩٩٠) الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، ط٢، الدار البيضاء.
عوض، لويس(بدون سنة) مقدمة كتاب: نحو رواية جديدة، تأليف: آلان روب جرييه، ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف، مصر.
فضل، صلاح(١٩٩٢) أساليب السرد في الرواية العربية، دار سعاد الصباح، ط١، الكويت.
فورستر، إ. م(١٩٩٤) أركان الرواية، ترجمة: موسى عاصي، دار جروس برس، ط١، طرابلس - لبنان.
قاسم، سيزا أحمد(١٩٨٤)بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
قاسم، سيزا أحمد(٢٠٠٤) بناء الرواية، دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، مكتبة الاسرة، بدون مطبعة.
كريزنسكي، فلادمير(١٩٩٢)من أجل سيميائية تعاقبية للرواية، عرض: عبدالحميد عقار، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الادبي، جمع و مشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات أتحاد كتاب المغرب، ط١، الرباط.
لوبوك، بيرسي(١٩٨١) صنعة الرواية، ترجمة: عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، بغداد.
موير، إدوين(١٩٦٥) بناء الرواية، ترجمة: ابراهيم الصيرفي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والأنباء والنشر والدار المصرية للتأليف والترجمة.
ولغ، غانغ كايزر (١٩٩٢) من يحكي الرواية؟ ترجمة: محمد اسويرتي، دراسة منشورة في كتاب: طرائق تحليل السرد الادبي، جمع و مشاركة: تزفيتان تودوروف، منشورات أتحاد كتاب المغرب، ط١، الرباط.
طريق، صبيحة&بوصبيع، لبنى (٢٠٢٠- ٢٠٢١)البناء الدرامي في رواية الرماد الذي غسل الماء لعزالدين جلاوجي، رسالة ماجستير، قسم اللغة و الادب العربي، كلية الآداب واللغات، جامعة محمد الصديق بن يحي - جيجل، الجزائر.
جراد، خلود ابراهيم عبدالله(٢٠١٣-٢٠١٤) تطور البناء الدرامي التاريخي في روايات رضوى عاشور(١٩٩٢ ٢٠١٠)، رسالة ماجستير، قسم اللغة العربية وآدابها، كلية الآداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط، دون مكان النشر.